# ژمارەی ٩ **هانا** سالی ١٩٩٨

## ناوەروک:


١_ تاکوو ئه وان نه هاتبوون \ ئاسو .................................................................................. ٢

٢_ ئه ده بیاتی کریکاری له ئالمان (به شی ٢) \ ستیوره په ککالین\ ته رجه مه: سلیمان قاسمیانی .......... ٥

٣_ له په راویزی بی ماناترین بیده نگی دا \ ئاسو ......................................................................... ١٢

٤_ شیکردنه وه یه ک بو سیسته می په روه رده (به شی ١) \ سه لام عبدالله ئیبراهیم ............... ١٥

٥_ پارکی په یکه ره کانی "گوستاو ویگیله ند" \ له یلا قانعی ................................................. ٢٠

٦_ "سواره" له شیعری "شار"دا \ فایق عبداللهی ................................................................ ٢٢

٧_ چه ند سه رنجیک له سه ر نوکته ی سیاسی \ ئاسو ........................................................ ٢٨

٨_ شیعر: ریبوار \ ئاسو \ فایق عبداللهی \ ریباز مه حموود ................................................. ٣٥

٩_ چلووره ی ره ش \ ب. سولین ............................................................................................. ٤١

١٠_ نان \ ولفگانگ بورشیرت \ فایق عبداللهی ..................................................................... ٤٥

١١_ "به ره و شام" \ کاروان عبدالله .................................................................................... ٤٨


***

# تاکو ئەوان نەهاتبون!

ئاسو

لەناو جەرگەی شاری هەولیردا، لە شەقامیکدا، کە تیایدا بیکاری و تفەنگ پیکەوە بەسەر شەقامدا ریدەکەن؛ بنکەیەک هەیە. لە سەر دەرگاکەی نوسراوە؛ یەکیتی بیکارانی کوردستان. لە ژیر ئەو ناونیشانەدا دە ستریژیک دەکری و دوو خور بە لادا دین. هە مان کات، لە یە کیک لە گورستانە کانی دهوکدا، کیلی سە رگوریک، وە ک ئە وە ی راکشاوە کە ی ناوی دابچلە کی، لە رزە یە ک دە کات. شیعری نوسراوی سە ر دیواری خانووە تە نە کە کانی حامیە، دادە چلە کی.

لە دوای سی دە ستریژ، سە رە ک خیلە کانی کوردایە تی و عە شیرە تە نویە کانی قورە یش، دە ست بە خوینی خورە راکشاوە کانی بە ردە م یە کیتی بیکاران و شیعری نوسراوی سە ر دیوارە تە نە کە کانی حامیە و پە یامە نویە کە ی دە وری رە شمالە کانی عە شیرە ت لە دهوکدا، سوردە کە ن.

ئە و بروسکانە چییان پی بوو، تاکو ترس لە بە رانبە ریاندا خوی پر چە ک کرد؟

ئارام دە یوت: بوگە نی قسە کانی ناو رە شمالە کانی عە شیرە ت، واخە ریکە لوت و دل و چاوی کولکیشە کانی سە ر سنور کویر دە کات. بویە دە بی؛ ئە م ئاسمان و ئە م هە وایە پاککە ینە وە.

بە کر دە یوت: ئە م خانوانە جیگای سە گن. کە چی کە گە رە کی « حە لە بی ئاوا » ی سە رحامیە بیدار دە بیت، خە لکە کە ی لە سە ر دووپی ریدە کات و کە سیش ناوە ری.

شاپور دە یوت: ئە مە نیشتیمانە یاخود کە مپی ئاوارە یی.؟

قابیل دەیوت: بیکاری نەک مافی پەنابەریتی نیە، بەلکو دەبی شوناسنامەی هاوولاتی بونیشی لی بسەندریتە وە.

تاکو شاپور نەهاتبو: ئاوارەیی؛ باجیک بوو دەدرا بە کوردستان. فەرزیک بوو، لە ناو ئایەتەکانی خوشە ویستی نیشتیماندا دە خوینرایە وە. ریگایە ک بوو، لییە وە دە گە راینە وە سە ر گورە پانی ئازادی.

تاکو قابیل نەهاتبوو؛ بیکاری روخساری دزیو نەبو. ئەندامیکی هەمیشەیی مال بوو. لە سەر سفرە بەرانبەرمان چوارمشقی دادەنیشت، لە گەلماندا رادەکشا، خەوی دەبینی. دەستی باوکمانی دەگرت و تەسبیحیکی دەدایە دەست. دەستی کورەکانمانی دەگرت و لە چایخانەدا لە سەر میزەکانی تاولە و دومینە کردندا دایدە نیشانن.

تاکو قابیل و شاپورەکان نەهاتبون؛ کچان و بیکاری یەک ناو بون. یەک شوناس بون. نەتدەتوانی لە یە کتریان جیا کە یتە وە.

تاکو ئە وان نە هاتبون؛ قریشکە ی غە لتانی خوین، نە دە خرایە ژیر پرسیار. ئافرە ت و قریشکە تە نها لە ناو کونجی مالەکان و لە چەپەکیکی لاکولاندا دەبیستران. تەنها دەستی تفەنگیک و لادیواری کولانیک شایەتیان لەسەر دەدان. قریشکە، پەردەی کچینی نەتەوە و شەرەفی جامانە و خاک بوو. ئافرەت

هەواڵنامەی کتێب

سنگ کوته ریکی روبارله چاوی چه مه ری کوشتنی کورانی شاخ بوو.

تاکو شاپورو قابیله کان نه هاتبون؛ قریشکه نه بوبو به  بروسکه و به نامه ی ناره زایه تی و له گه ل یه کسانیدا هیشتا نه بوبونه دراوسی.

به ر له وه ی ئه وان بین؛ لوتی برراو، هه ر به ته نها که ژالیکی له بونی به هارو به فرو کورپه  بیبه ش ده کرد.

قاچی شکاو، هه ربه ته نها روناکیکی له هه نگاوانی سست ده کرد.

ده ستریژیکی لای نیوه رو، هه ر به ته نها سینه ی چرا و شه وبویه کی کون کون ده کرد.

به لام کاتیک ئه وان هاتن، له لوت برینی که ژالدا، بون نه کردنی وه رزی به هار بوو به کیشه ی لوتی کومه ل.

له قاچ شکانی روناکدا، شاریک به لای راستدا ده شه لی.

له قرمژنی ده ستریژیکی نیوه رودا، سنگی یه ک شارم سور ده بی.

تاکو شاپورو قابیله کان نه هاتبون، ئه لبیسه و توتن و چیمه نتو و نه سیج، چه ندین هولی گه وره گه وره ی شوینه جوراوجوره کانی شاربوون؛ که لیبه وه، جل و به رگ و جگه ره و چیمه نتو ی لیوه ده رده هات و به ره و بازار به ری ده کران.

تاکو ئه وان نه هاتبون؛ کانی پرسیار نه ته قیه وه.

ئینسانی ناو ئه و کارخانانه چ ره نگن؟

ئایا شیعر ده خویننه وه؟

کریکانیان بالای به رزه، یاخود بالای غه م و ئازار؟

له کولانی کریکارانی کاره بادا، روبه ری روناکی چه نده؟ تاریکی چون پیناس ده کری؟

به رله وه ی ئه وان بین، سوکایه تی و بالای کورتی کریکانیان، پرسیاریک بوو، هاتبووه به رده رگای وه رزی ته قینه وه و به شوین درزیکدا ده گه را شه پولی بهاویته ده ر.

که ئه وان هاتن؛ روخساری ئینسانه کانی ناو کارگه پیشانی شه قام و شاردرا.

شیعره کانیان بونی هه وای ده ره وه ی کرد.

گورانیه کانیان هاته سه ر رادیو و پر به ده نگی هاواری کرد.

ئیتر ئه وسا گله یی و گاز نده ی کریکارانی بیناسازی، له غه لبه غه لب و ژاوه ژاوی سوچی چایخانه کاندا په نگی نه ده خوارده وه و یه کسه ر ریگای یه کیتی بیکارانی ده گرت.

که ئه وان هاتن، ئیتر عه ره بانچیه کانی ناو شار و منالانی ورده واله فروش دوست و براو خوشکی خویان بو په یدا بوو و ناویشیان له روژنامه کانی ده ره وه دا بو به ویردی زاری هاوچاره نوسانی خویان.

تاکو شاپور و قابیله کان نه هاتبون، خوا هه ر « لم یلد ولم یکن له کفوا احد» بوو. خوا ئه و که س لینه بووه، که س نه بینراوه بوو، که له پشتی هه وره کان و له یه کیک له ته به قه کانی ئاسماندا نیشته جی بوو. هه موو روژیک له سه ر فه رشی مزگه وته کان و به رمالی ماله کانه وه، به په یژه ی دوعادا هه زاران داخوازی  ریگه ی ئاسمانی ده گرته به ر. خوا هاواریک بوو ده هاته سه ر زمان؛ کاتیک په نجه ره ی ماله کان دله راوکییان تی بکه وتایه.

خوا ئایه ته ل کورسی بوو ده هاته سه ر لیوی گوندی به چه ک ده وری گیراو.

خوا کوتریک بوو، هه موو روژیک گمه گمی قه ناعه تی له سه ر گویسوانه ی ماله کان داده نا. خوا هاواریک بوو له جیهانی پر هاواردا، ده نگی بو هه لده برا.

هه رهینده ی قابیل و شاپوره کان هاتن، ئیر خواش برپاری دا، هه روا به بیکه س، بی روخسار و نادیار نه مینیته وه. بویه روژیک، له که شکه لانی فه له ک هاته خوار و کوره نوستوه کانی ناو ئه شکه وته کانی میژوی به خه به ر هیناو ریگای شاری گرته به ر.

ئیستا خوا کوره کانی خوی پیش داوه و، له بری شمشیر و خه نجه ر و ئه سپ، کلاشینکوف و رومانه و لاندکروزه ری داونه تی. ئیستا خوا پیویستی به وه نیه، قامچی له پشتی هه ور بدات و عه بده کانی پی بترسینی، به لکو به یه کیک له کوره کای ده لی: په نجه به و دوگمه یه دا بنی و کاتیوشا ده باری.

ئیستا بیلاله کان، ناچنه سه ر بانی مزگه وت و به ده نگی به رز بانگ هه لناده ن. ئیستا کوره کانی خوا، له پشت شاشه ی ته له فیزیونه وه ، له و دیو شه پوله کانی رادیووه ده نگ هه لده برن. ئیستا خوا، به سه ر هیچ فریشته کدا ئه مر ناکات، هه تاکو بای بو بجولینیی و هه ور به ری ئاسمان بگریت.

ئه وه تانی کوره کانی چه ندین لوری جبه و حیجاب و چارشیویان راگرتووه و خه ریکی داپوشینی نیوه ی خوره کانی کومه لن. ئیستا خوا له ریگه ی پارانه وه وه پاروه نانیک به که س نابه خشی. ئیستا ئه و کوره کانی خوی پیش خوی داوه وه و ده ستیکیان نانی گرتووه و ده سته که ی تریشیان له چکیک.

ئیستا کوره کانی خوا، وه کو جاران زور نادوین. ئیستا وشه کانی عیشق و گورانی و شانو و چیروک و قوتابخانه و پیاسه و ره نگی ئال و والا و ته نوره و زور شتی تر، کورتکراونه ته وه و ته نها ناویکیان هه یه؛ فتوا.

تاکو شاپور و قابیله کان نه هاتبون؛ سنوری نیوان شته کان دیار نه بون.
کوردستان و کریچیتی، هیچ دیواریکیان له به ینداا نه بوو.
یه کسانی و خه ون، سنوره کانیان لیک جیانه بوو.
شوکرانه و قایل بوون، له گه ل « نه ء» دا دوستایه تیان نه پچراندبو.
زونگاوه کانی باشور و هه له بجه، دوو برینی خوین له به رروشتوی سه رجه سته ی ئازاریک نه بون.
ده ستی ماندو و سه رسکی تیر، جیی پیکه نینی که س نه بوو.
تاکو ئه وان نه هاتبون، زور شت هه بوون، که وا نه بوون.

***

هەواڵنامەی کتێب

# ئەدەبیاتی کریکاری لە ئالمان

ستیورە پە ککالین Sture Packalen

تە رجە مە ی سلیمان قاسمیانی

## (بەشی دووهەم)

ئیستا ئیتر گە یشتووینە قوناغی چوارە م لە میژووی ئە دە بیاتی کریکاری ئالمان، واتە ئە دە بیاتی کریکاری لە "ئالمانی روژهەلات". لە ماوەی پینج تا دەسالی یەکەمی دوای شەر (شەری دووهەم) هیز تە رخان کرا لە سە ر شیعاری وە کوو: "بو پیشە وە بە رە و گوتی" لە سە ر میراتی فە رهە نگی بورژوایی ئالمانی. بە لام سرنجیکی وا نە درا بە سوننە تی ئە دە بی پرولیتاری سالە کانی ۲۰ و ۳۰. یە کە م جار لە ناوە راستی دە یە ی ۵۰ دا بوو کە "پرولیتاریا" وە کوو "هە لگر و موتور" و دامە زرینە ری کومە لگای نویی ئالمانی شەرقی ناوبرا. لەم سەردەمەدا کەسی وەکوو "هانس مارکوتینزا" و "هانس لوربیر" بە پیی شیوە ی سوفیە تی دە ستیان کرد بە نووسینی چە شنیک رومانی خە یالی ـ عیلمی سوسیالیستی کە پییان دەگوترا: "رومانی ئاوەدان کردنەوە، رومانی پیشەسازی یان رومانی بەرهەمهینان". ئەم جورە رومانانە پیشانیان دەدا کە چون کریکارانی ووشیار لە خەبات دژی کونەپەرستیدا، بینایەکی سەنعەتی یان درست دەکرد و لە دنیایەکی خەیالیدا قارەمانیەتی ئینسان دوستانە بە ئەنجام دە گە یینن. کریکاران ئە و پالە وان و ئینسانە نموونانە بوون کە بە خوینە ریان پیشان د ە دا کە چی بکات تا بو ئە وە ی بتوانی لە گە ل ئە و ئایدیالە سوسیالیستی یە دا بیتە وە. هە ر وە ک دە زانین ئە م رومانانە زیاتر ئامانجی ئیدئولوژیکیان بوو و لە باری ئە دە بی یە وە زور پوخت نە بوون.

بە دوای ئال و گورە سیاسی یە کانی ۱۹۵۶ تا رادە یە ک سیاسە تی ئە دە بیش ئال و گوری بە سە ر داهات. ئەم ئال گورە ناوی لینرا "رەوتی بیتتر فیلدر" (بە هوی دو کونفرانس کە سالی ۱۹۵۹ و ۱۹۶۴ لە شاری بیتتر فیلدر دا گیرا). قسە ی ئە م رە وتە ئە وە بوو کە نووسە ران روو بکە نە کارخانە کان. شیعاری ئە وکات ئە وە بوو: "نووسە رە کان! برون بو نیو کارخانە کان!" بریار بوو کە کریکارانی نووسە ر شان بە شانی نووسەرانی پیشەیی لە ژیر شیعاری: "دەست بدە قەلەم هاوری! فەرهەنگی میللی سوسیالیستی پیویستی بە تو هە یە" لە سە ر کار و خە بات بو دامە زراندنی کومە لگای نوی یە ک بگرن.

لە ئاکامی ئە م بانگە وازە دا "کورس بو کریکارانی نووسە ر" دامە زریندرا. سالی ۱۹۶۳ چوارسە د دانە کورسی لە م بابە تە هە بوون و بو وینە دە ست کرا بە نووسینی "بیرە وە ری روژانە ی بریگادە کان " کە لە

فورمی بیره وه ری ڕوژانه دا شه رحی ژیانیان له کارخانه کان دا ده کرد. سه رجه م ده کری بگوتری که "ره وتی بیتترفیلد" بزاوتیکی تازه ی دا به کریکاران و نووسه ران، به لام هیچ شورشیکی فه رهه نگی به رپا نه کرد و له سه ره تای ۷۰ کان دا ده ست له م ستراتیژی یه هه لگیرا.

وه ک نموونه له نووسه ریک که ژیانی ڕوژانه ی ئالمانی ڕوژهه لات و به تایبه ت ژیانی کریکارانی مه زراکان ده خاته به رچاو، ده مهه وی ناوی "ئیروین ستریتمه تر" **Erwin Strittmatter**(سالی ۱۹۱۲) و رومانه که ی "ئولی بیینکوپ" **Ole Bienkopp** بینم که سالی ۱۹۶۳ نوسراوه. "ستریتمه تر" نووسه ر و ژورنالیستیک بوو که خوی فیری خویندن و نووسین کردبوو. "ستریتمه تر" کوری نانه وایه ک بوو و خوی وه کوو کریکار له ریستوران، کارخانه و مه زرا و ته نانه ت له نانه واخانه ش کاری ده کرد. رومانی، "ئولی بیینکوپ" چیروکی دیهاتیکی ئالمانی له ساله کانی ۱۹۵۸_۱۹۵۲ دایه. "ستریتمه تر" له رومانه که ی دا به که لک وه رگرتن له گالته و "ساتیر" باسی ئه و کیشانه ده کا که دانیشتوانی ئاوایی به دوای گورانی حکومه ت و وه زعی نوی له کاتی گورینی شیوه ی به رهه مهینان له دیهاته که دینه روو. (دیاره که ئه مه کار ده کاته سه ر چونیه تی ژیان له ئاوایی یه که ش دا)

"ئولی بیینکوپ" پاله وانی رومانه که، که مروفیکی تایبه تی یه، دوای ریفورمی زه وی له سالی ۱۹۴۵ دا شه ش هیکتار زه وی به ر ده که وی. "ئولی" هه ول ده دا له گه ل تاقمیک جووتیاری تر، جوریک کوپراتیفی جووتیاران پیک بینیت. ئیده ی ئه م کوپراتیفه هه ر وا سه ربه خو و به ده س پیشخه ری پیشره وانه ی تاقه که سیکی ئاسایی، به رله وه ی حکومه ت بریاری کولیکتیف کردنی کشت وکال بدات، سه ر هه لده دا. ئه م ئیده یه، له لایه ن خه لکی ئاوایی یه وه زور به به دگومانی یه وه سه رنج ده دری و هیزه کانی دژ به شورش له به رگی زه میندارێکی گه وره و خاوه نی دارتاشخانه یه ک دا، هه ول ده ده ن به ر به م کاره بگرن؛ ته نانه ت کاربه ده ستانی پارتی ده سه لاتداریش به چاویکی نابه دل و نارازی ده ڕواننه ئه م ئیشتراکی کردنه که به هه ولی تاقه که سی یه وه هاتبووه کایه. له جیاتی ریزگرتن له رچه شکاندنی تاقه که س، کاربه ده ستانی پارتی ئه م کاره ی "ئولی" به حیسابی بی دیسیپلین بوون داده نین و ده لین: " ئولی خودسه رانه پیی زیاتر له به ره ی خوی هه لکیشاوه و پیشان ده دا که باوه ری به ده وله ت نیه". هه ر به م هویه وه له کوبوونه وه یه کی تایبه تی پارتی دا به هوی ئه وه ی که "سنووره دیاریکراوه کانی به زاندووه" و "به بی ئاگاداری پارتی که وتووه ته بیری شتی جوراوجور" سه رزه نشت ده کری.

ورده ورده دوودلی و به د گومانی خه لکی ئاوایی کوتایی دیت و له به شی دووهه می رومانه که دا "ئولی" بووه به سه روکی "کولیکتیفی کشت و کال"ه که. به لام ئیستاش ده سکه وته کانی کولکتیفه که لاوازه و زورجار به هوی ئه وه ی که کاربه ده ستانی پارتی ته نگ وچه له مه ی بیروکراتی ده خه نه سه ر ریگه ی کاروباری کولیکتیفه که، پلانه کانی "ئولی" سه ره رای پوخت و به کاربوونیان، تیک ده ده ن. له کوتایی دا

"ئولی" بە ناحەق تومەتی دەخریتە پال کە زیانی بە کولیکتیفەکە گەیاندووە وە لە سەروکایەتی کولیکتیفە کە دەخری. کاتیک کە ماشینیکی چال هەلکەندن، کە زور بو کاری کولیکتیفە کەش پیویست بوو، لە ئاکامی پیلانگیری جوراوجور، ناگاتە دەست کولیکتیفە کە، "ئولی" لە نارەحەتی و خەفەت دا تاو دەداتە پاچ و تا مەرگی زەوی هەلدەکەنی.

رومانی "ئولی بیینکوپ" وەکوو نموونە و مودیلی "رومانی سوسیالیستی سەبارەت بە ئاوایی" چاوی لیدەکرا. هەلبەت لە هەمان کاتیش دا، رەخنەی رومانەکە لە دیسیپلینی حیزبی و رابەرایەتی کردنی مەرکەزی یانە، لە لایەن کاربەدەستانی ئالمانی روژهەلاتەوە، وەک ئیهانە چاوی لیدەکرا. کتیبی ١٢ بەرگی میژووی ئەدەبیاتی ئالمانی روژهەلات، ــ کە لە راستی دا داریژەری نورمەکانی نووسینیشە ــ ئابەم جورە لە هوی ئەو کیشە و تەنگ و چەلەمەی کە تووشی "ئولی" دەبی، دەدوی: " دژایەتی نیوان ویستن و توانین، نیوان داخوازی ئەبژکتیف و لاوازبوونی توانای سوبژکتیف بو وەدیهینانی ئەم داخوازی یانە بە شیوەیەکی سوسیالیستی..." (لاپەرەی ٥٢٥) بە زمانی سادە و رەوان دەلی کە رچەشکینی تاکەکەسی جوانە، بەلام ریگەی راست لە نیهایەت دا هەر ریگەی پارتی یە.

***

قوناغی پینجەم لە ئەدەبیاتی کریکاری ئالمان رووی لە ئالمانی روژئاوایە. پیش مەرجەکانی سیاسی ئەو ئەدەبیاتەی کە لە ئالمانی روژئاوا دا بو کریکاران و لە لایەن کریکارانەوە نووسرا، تەواو جیاواز بوو. بەدوای کوتایی پیهاتنی شەر (١٩٤٥) دا، جوولانەوەی کریکاری ئالمانی روژئاوا هیندە دەربەستی ئەو سوننەتانە نەبوو کە لە راستی دا لە ئەدەبیاتی کریکاری ئالمان دا هەبوو. تا بەر لە سالی ١٩٦١ "گرووپی ٦١" کە لە دژایەتی ئاشکرا لە گەل "گرووپی ٤٧" واتە نووسەرانی ناسراو و جیکەتووی ئەو کاتەی ئالمان، پیک نەهات. "گرووپی ٦١" بریتی بوو لە کریکارانی نووسەر، ژورنالیست وە هەروەها رەخنەگرانی ئەدەبی. ئەم گرووپە لە ماوەی ١١ سالی ژیانی دا، بوو بە شوینیک کە کریکار تیایدا فیر دەبوو ئەزموونەکان و موشکیلەکانی خوی لە پەیوەندی لە گەل ئیش و کارەکەی دا بەرەوانی دەربری. ئەندامانی ئەم گرووپە (کە هەموویان پیشینەیەکی کریکاریان بوو) لە نووسراوەکانیان دا دەگەرینەوە سەر سووننەتەکانی قوناغی دووهەمی ئەدەبیاتی کریکاری ئالمان بە نیوی "هونراوەی کریکاری"؛ بەلام لە هەمان کات دا گرووپەکە هەولی دەدا کە ئەو ئەدەبیاتە نوی بکاتەوە. ئیتر باس لە بە پیروزگرتنی بە گوری کار نەبوو، بەلکو ئامانج ئەوە بوو کە بە شیوەیەکی هوشیارانە، کار و ژیان لە سەنعەت دا و ئەنجامەکانی لە سەر ژیانی شەخسی کریکاران (واتە ژیان دوای کوتایی هاتنی کار) روون بکاتەوە.

دوو ئەندامی زور بە ناوبانگی "گروپی ٦١"، یەکیان "ماکس فوندر گرون" **Max von der Grun** و ئەوی تریان "گونتر والراف" **Gunter Wallraff** بوون. "ماکس فوندر گرون" نووسەری رومانی بە ناوبانگی "چرە دووکە ل و ئاگر"ە (سالی ١٩٦٣) کە سە رجە م زیاتر لە ٣ میلیون دانە ی لە گشت دنیا دا لی بلاو بووەتەوە. هە ر ئە م رومانە لە ئالمانی روژئاوا کرا بە فیلمیش. بلاوبوونەوەی بەشیکی کورت لە رومانەکە لە گوفاریکی ئالمانی دا، بوو بە هوی ناساندنی "فوندر گرون" بو جەماوەریکی بەرین تر. نووسە ر لە م رومانەدا روون دەکاتەوە کە چون تاقمیک کریکاری کانەکان بە هوی وەستانی ئیشە ئاساییەکەیان، پییان دەسپیردری کە ماشینیکی نویی بەردشکاندن تاقی بکەنەوە. لە ئاکامی ئە م کارەدا چە ن کارەساتیک روودەدا و سەرەنجام فورمەنیک دەکوژری. کریکارەکان دەست لە کار هە لدە گرن و نایانەوی دریژە بە و کارە پر مە ترسی یە بدە ن.

ئە م بە شە لە رومانە کە سە رنجیکی یە کجار زوری لە ئالمان بە رە وخوی راکیشا. ئەو کارخانە یە ی کە ماشینی ناوبراوی ناو رومانە کە دروست دە کات، لە دادگا شکات لە نووسە ری رومانە کە دە کات. ئە م شکاتە گەیشتە دادگای بالاش، بەلام "فوندر گرون" بی تاوان ناسرا، بە هوی ئەوەی کە هیچ شتیک لە وە ی کە نووسە ر لە رومانە کە ی دا باسی کردبوو، درو نە بوو!

هەوالنامەی کتێب

"گونتر والراف" بە راپورتە سە نعە تی یە کانی لە ناوە راستی ٦٠ ە کان دا (**Wir brauchen......**) تاکوو فیلمە دیکومینتە رە کە ی سە بارە ت بە کریکارانی "مهاجر" بە نیوی "لە هە رە ژیرە وە" (سالی ١٩٨٥) فورمیکی نویی لە فیلمی دیکومینت لە ئالمان دا خولقاند کە رە گە کانی دە گە رایە وە بو نووسە ری وەکوو "ئوپتون سینکلە یر"، "ئیگون ئیروین کیش"، و هە روە ها "یە کیە تی نووسە رانی پرولتە ری شورشگیر" لە کوتایی ٢٠ە کان دا.

"والراف" هە ر وە ها هیزی هاندە ر بوو لە گروپی "کارگیرانی ئە دە بیاتی جیهانی کار". ئە م گروپە لقیکی جیابووە وە لە "گروپی ٦١" بوو و ئامانجیان ئە وە بوو کە لە ریگە ی دامە زراندنی "کارگای نووسین" بە هاوکاری نووسەرانی پیشەیی و کریکاران، ئەدەبیاتیکی هاوبەش بخولقینن کە بتوانی لە سەر مە سە لە ی جوراوجوری کریکاری لە باری سیاسی وە کاریگە ری دابنی.

"فوندرگرون" و "والراف" هەر دووکیان یەک راستی دەخەنە بەرچاو و هەر دووکیان ـ هە رچە ند بە ئامرازی جیاواز ـ ئەوەندە کە روو دەکەنە هەستی خوینەر، ئەوەندەش روو دەکەنە عەقل و تیگەیشتنی. جیاوازی‌یەک کە لەبەینی ئەم دوو کەسەدا هەیە، زیاتر لە شیوەی گیرانەوە و روانگەی خستنەرووی رووداوەکان دایە. لای "فوندرگرون" روانگە خەیالی و ئیحساسی‌یە؛ کەسەکان تیپیک و نموونەن و جەوەکە رازیندراوەیە. "والراف" بە دیکومنیتە "بەلگەنامەکانی" کە خوی تەجروبەی کردوون و دیتوونی و دەقاودەق راستیەکانی دەرەوەن؛ بە خستنە رووی ئامار، دەست لە سە ر ئە و راستی یە دادە نی کە ریگە ی دە ربازبوون و لە بیر خوبردنە وە لە خوینە ر (بینە ر) دە بری.

***

لیره دا ده مه وی بیمه سه رباسی "پیتر وه یس" Peter Weiss . هه رچه ند "وه یس" له و چوارچیوه میژوویی یه ی ئه ده بیاتی کریکاری دا که من باسم کرد ناگونجی، به لام له وه دا هیچ شکیک نیه که "وه یس" نووسه ریک بوو که بو کریکارانی ده نووسی.
"وه یس" له سالی ۱۹۳۹ په نای برده سوید و هه ر له سویدیش بوو که سه ره تا وه کوو وینه کیش و ده رهینه ری فیلم له ده یه کانی ۴۰ و ۵۰ دا و دواییش وه کوو نووسه ریکی "ئه ده بی جوانکاری" ورده ورده خوی ته رخان کرد بو بیروبوچوونی هیومانیستی و هه لسوورانی کومه لایه تی که به شیوه ی جوراوجور خوی له نووسینه کانی سیاسی و چه پی ئه و دا پیشان دا.
به لایه نگیری گشتی خوی له هه ژاران و بی ده سه لاته کان، جا چ قوربانیه کانی نازیسم بووان (بو نموونه وتاره که ی له شاری فرانکفورت، به ناوی "لیکولینه وه ی ورد" له سالی ۱۹٦۵ دا سه باره ت به کووره کانی ئینسان سووتاندن له "ئاوشویته ز") چ ره ش پیستانی ئافریقای جنووبی، یان ره خنه گرانی دژی حکومه ته توتالیته ره کان؛ خه لکانیک که به هوی بیرو باوه ریان بی ئیش کرابوون؛ قوربانیه کانی شه ری ئامریکا له فیتنام؛ زیندانیه کانی ئاسایی، یان ته نانه ت سه رخوشه کانی گه ره کی "کونه شار"..... ده بیته ده نگی هه موو ئه و ئینسانانه. به م جوره له روانگه ی کوتایی ده یه ی ۹۰ی ئیمه وه، "وه یس" وه کوو نووسه ریک دیته به رچاو که به شیوه ی جواروجور جه وی کومه لایه تی سوید له و سه رده مه دا که هیشتا وه ک نموونه سه یری ده کرا، ده خاته به رچاو. "وه یس" به راده یه کی زور موری پیشینه ی کومه لایه تی سویدی به به رهه مه کانی یه وه دیاره. هه لویستی رادیکال، دژی زورداری و بوون به ویژدانی جیهانی له زور مه سه له دا (که گرینگی یه کی چاره نووس سازی بوو له ناو ده رکردنی "وه یس" له ئالمان دا)، وا ده کا که "وه یس" نه وه ک نووسه ریکی ئالمانی، نه وه ک نووسه ریکی سویدی، به لکوو وه کوو نووسه ریکی ئالمانی به پروگرامیکی سویدی یه وه بناسین.
"وه یس" له بنه ماله یه کی کریکاری له دایک نه بوو، به لام له چاوپیکه وتنیک دا، رومانه گه وره که ی خوی به نیوی "جوانی به ره نگاری" (که باسی چونیه تی گه شه ی هیزی چه پی ئالمان له ساله کانی ۱۹۱۸_۱۹۴۵ ده کات) وه کوو ژیاننامه ی دلخوازی خوی ناو ده با. "وه یس" (به پیشینه ی بورژوایی خویه وه ) له سه ر ئه م قسانه تانه و ته شه ریکی زوری لیدرا. له راستی دا "وه یس" مه به ستی ئه وه بوو که به سه رهاتی پاله وانی رومانه که، له ژیان و ته جروبه کانی شه خسی خویه وه سه رچاوه ی نه گرتووه، به لام دردونگی له نه فسی وجود(existentiell) و هه ست به دوورخرانه وه کردن له کومه لگا، که به دوای ژیانی موهاجره ت دا خوپیشان ده دا، سه رجه م وای کردبوو که "وه یس" _ له نامه یه ک دا _ ده لی:
"بو ئه وه ی که "من"ی پاله وانی رومانه که به "من" ی خوم بزانم، ته نیا پیویستم به جیگه گورکیی یه کی

یه کجار زور که م له پیشینه ی بورژوایی م به ره و "پرولتاریایی" هه بوو... (نامه بو شیرپی **scherpe** سالی ۱۹۷۷)

ئایا ده کری بلیین که "جوانی به ره نگاری" به راستی رومانیکه بو کریکاران؟ ئه م پرسیاره به جی یه؛ به تایبه ت ئه گه ر بیخه ینه وه بیر که له م رومانه ۱۲۰۰ لاپه ره ی یه دا، نه که متر له ۹۷۰ ناوی جوراوجوری بی روون کردنه وه ی تیدایه. به لام "پیتر وه یس" که خوی زور جار ده ست ده داته پیداچوونه وه ی قوولی زانستی و کوکردنه وه ی ماتریالی زور کاتگر، له وه لامی خوینه ریک دا که پیی وایه لایه نی زانستی رومانی "جوانی به ره نگاری" بو تاکه ئینسانیک زور قورسه، ده لی:

"... بو من قورس نه بوو. که وایه بو چی ده بی بو که سی تر زور قورس بی. ته نیا ده توانم ئه وه بلیم که من به رده وام له گه ل زور خه لک به ئیشی جواروجور و له تویژی کومه لایه تی جیاوازه وه په یوه ندیم بووه که سه ره رای گیروگرفتی کومه لایه تی له ژیانیان دا، توانایی ئه وه یان بووه که مل بنینه به ر ملی هه ر جوره بابه تیکی زانستیش. ته بیعی یه که ئه مه هه ول و ته قه لایه کی زوری ده وی. به لام من ئه م هه ول دانه به شتیکی ئاسایی داده نیم، هه ر وه ک چون هه میشه بو خویشم به ئاسایی و سروشتیم داناوه.
**(PW - Hildesheimer)**

ئه گه ر به م جوره ی "وه یس" بوی ده چی، بروانینه مه سه له که، ئه وسا ده توانین بلیین که رومانی "جوانی به ره نگاری" بو کریکاریش ده بی. له وانه یه له هه مان کات ئه م گومانه بکری که نووسه ریک هینده چاوه روانی له خوینه ری تاک هه یه، ته بیعی یه که نه توانی له سه ر جه ماوه ریکی به رین له خوینه ران حیساب بکات. به لام سه ره رای ئه وه ش "جوانی به ره نگاری" زور له مه وپیش ته نیا له ئالمان دا سه د هه زار دانه ی لی فروشراوه و دوای روخانی بلوکی شه رق، "پیتر و یس" له نیو رووناکبیرانی ره وتی چه پ له ئالمان دا، مه وزوعیه تیکی سه رله نویی په یدا کردووه.

له په یوه ندی نزیک له گه ل روانگه ی جه ماوه ری "وه یس" که پره له هاوپشتی و هاوده ردی له گه ل هه موو بی به شان، ده کری "ئه ده بیاتی کریکارانی مهاجر" وه کوو ئاخرین لق و شه شه مین قوناغ له ئه ده بیاتی کریکاری ئالمان ببینین که له لایه ن نووسه رانی مهاجر له ئالمان ده نوسری. هه ر چه ند ئه م ئه ده بیاته له ژیانی کولتوری ئالمان دا جیگایه کی زور له به رچاوی ته رخان نه کردووه به لام بی شک ئه وه ی ئه م ئه ده بیاته ده یخاته به رچاو، به گشتی شه رایه تی ژیانی پرولتاریایه کی نوی یه که له نووسراوه کانی **Sinasi Dikmen** "سیناسی دیکمه ن"ی تورک، **Yusuf Naoum** "یوسف نه ئوم"ی لوبنانی و **Rafik Schami** "ره فیق شامی" سوری دا خوی ده نوینی.

ئه مه ئه ده بیاتیکه که باسی گیروگرفته کانی کریکارانی موهاجیر وه کوو سه خله تی فه رهه نگی، غه ریبی و هه ست به بیگانه بوون کردن، ته نیایی، جیاوازی پیکران و گیروگرفتی په یوه ندی گرتن ده کا؛ ئه ده بیاتیکه که راسته وخو رووی له و که سانه یه که له و هه ل ومه رجه دا ده ژین... (جه ماوه ریک) که

هەوالنامەی کتێب

هه‌ندی جار له گه‌ره‌کی جیاواز و به ته‌واوی هه‌لبراو له باقی کومه‌لگادا ده‌ژین، به ئانتینیکی پارابوله وه وه کوو چاویک که به دوای وولاتی پیشووی دا ده گه ری.

هه‌روه‌ک له‌م چاوپیاخشاندنه کورته دا ده‌بینری، ئه‌ده‌بیاتی کریکاری ئالمان، مه‌لبه‌ندیک نیه که به‌شه‌کانی په‌یوه‌ندی له‌یه‌ک نه‌پساو و ته‌واویان به یه‌که‌وه هه‌بی، به‌لکو نایه‌کسانی زوری تیدا ده‌بینری. ئه‌و شه‌ش قوناغه‌ش که من ئه‌ده‌بیاته‌که‌م به سه‌ردا دابه‌ش کردووه تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌کی میژوویی وا نابه‌خشی به قوناغه جیاوازه‌کان. تایبه‌تمه‌ندی‌یه‌که زیاتر له‌وه دایه که ئه‌ده‌بیات له‌م شه ش قوناغه دا، به مانایه کی به ربلاو، ئه ده بیاتیکه که له لایه ن وه بو چینیکی کومه لایه تی پیشره و نووسراوه.
ئه گه ر ئه ده بیاتی کریکاری له ئالمان وه کوو "ئه ده بیاتی نووسراو له لایه ن، وه بو چینیکی کومه لایه تی پیشره وه وه" پیناسه بکه ین، ئه وسا ئه م پرسیاره دیته پیش که ئایا هیچ پیوانه یه کی هاوبه ش هه یه که هه م نووسه رانی به پیشینه ی بورژوایی، (وه کوو هاینه، هاوپتمه ن و وه یس) وه هه م نووسه رانیک که له بنه ماله یه کی کریکاری یه وه (وه کوو برومه، لیرش، بریدل، ستریتمه تر، فوندر گرون، والراف، دیکمه ن، نه‌ئوم و شامی) هاتوون، بگریته به‌ر؟ ئه‌گه‌ر چی زور شت هه‌یه که ئه‌م نووسه‌رانه له یه‌ک جیاده کاته وه، به لام ئه وه ی که (ئه م نووسه رانه) به یه که وه گری یان ده دا، زیاتره .
یه که م پیوانه ی ئه م یه کگرتوویی یه ئه وه یه که هه موویان سه باره ت به کریکار ده نووسن. دووهه م پیوانه ئه‌وه‌یه که ته‌قریبه‌ن سه رجه‌می ئه‌م نووسه‌رانه له روانگه‌ی ئایدولوژی چه‌په وه ده‌نووسن. سیهه‌م ئه وه یه که هه موویان تاکه که س وه کوو به شیک له جه ماوه ر (کولکتیف) ده ناسینن. چواره م پیوانه ش ئه‌وه‌یه که ئه‌و جه‌ماوه‌ره‌ی که باسی ده‌کری، وه‌کوو بکه‌ریکی هه‌لسووراو و وه‌رگر، تایبه تمه ندی یه کی وا له خوی پیشان ده دا که نه ته نیا ئه م ئه ده بیاته له هه ر جوره ئه ده بیاتیکی تر جیا ده‌کاته‌وه، به‌لکوو ئه‌و هیز و ئیعتیباره‌شی پیده‌به‌خشی که تایبه‌ت به‌ئه‌ده‌بیاتی کریکاری‌یه.
پینجه مین و ئاخرین پیوانه ش ئه وه یه که "ماکس فوندرگرون" له م ره سته کورته دا ده یلی:
"به خستنه به رچاوی شته کان، هیواداریین بتوانین ئال وگور پیک بینین".
دروست له‌م به‌رچاو خستنه‌دا و له هیوای پیک‌هینانی ئه‌م ئال‌و گوره‌دایه، ده‌توانین ئه و هه ول و ته قه لایه بو وه دیهینانی کومه لگایه کی یه کسانتر ببینین که به گشتی ئه م نووسه رانه یه ک ده خات چ له بیروباوه ر دا و چ له ویست و ئاره زویان دا.

***

# له پەراویزی بیماناترین بیدەنگیدا

ئاسو

پر مانا ترین بیده نگی، وتاری دوالاپه ره ی ژماره ٢٤ ی گوڤاری رابوونه. ئه وه ی جیگای سه رنجه، هه مان وتار له ژماره ٢٠ و ٢١ ی مانگی فابریوه ری _ مارسی ١٩٩٨ی روژنامه ی هه تاودا بلاوکراوه ته وه.

کاتیک له خویندنەوەی پر ماناترین بیدەنگی دەبیتەوە، ژاوەژاویک، لە پاش خویندنەوەی وتارەکەدا میشکت پر دەکات. ئایا چ فەلسەفەیەک لە پشت بلاوکردنەوەی وتاریکدایە کە چارەنوسی دووجار بلاوبونە وە ی لە دوو جیگای جیاوازدا بو دە رە خسی؟

ئایا کە مال میراودە لی و رە فیق سابیر؛ وە ک سە رنوسە ر و بە رپرسیاری یە کە می هە تاو و رابوون، لە چ خالیکی گرنگی ئە و نوسراوە یە دا یە کدە گرنە وە؟

پوختە ی ناوە روکی پرماناترین بیدە نگی لە م چە ند رستە یە ی خوارە وە دا کودە بیتە وە:

دوستیکی گیانی بە گیانی شاعیریک، داوا لە شاعیری هاوریی « برای» دە کات: لە بە رانبە ر ئە و کە سە ی رە خنە ی لیگرتووە، بیدە نگی هە لبژیریت، چونکە « قە ت بیدە نگ بوون لە م جورە بیدە نگییە پر ماناتر نابیت».

یانی بە کورتی: شاعیری رە خنە لیگیراو خوی نایە وی وە لامی رە خنە گرە کە ی بداتە وە و لە ریگە ی زمانی کە سی سیە می تاکە وە ، لە پرماناترین بیدە نگی دا، بە خشکە یی دە نگ هە لدە بری.

ئە م جورە یارییە لە ناوە ندی بە شیک لە نوسە رانی کورددا، دە میکە بو خوینە ر ئاشکرایە.

ئە وە ی بو من گرنگ بیت لە م نوسینە دا، هە لویست وە رگرتنی خوینە ریکە کە هە ست دە کات روژنامە و گوڤارە کان، کە بریار بوو بو خوینە ر بنوسن، پابە ندی ئە و پرە نسیپانە نین کە کاری روژنامە گە ری پیویستە رە چاوی بکات.

کاتیک لە خویندنە وە ی پرماناترین بیدە نگی بومە وە، هە ستم کرد فە رهە نگیک لە وشە ی سە رجادە و سوکایە تی کردن بە ئینسانم لە لا گە لالە بووە. ماوە ی پینج سالیک لە ئە وروپا و ئاشنابون بە زمانیکی تری بیانی؛ کە تیایدا فە رهە نگی جنیودان بە بەراورد لەگەل زمانی کوردیدا ئاسمان و ریسمانە، دەرفەتی دورکە وتنە وە ی لە فە رهە نگی جنیوفروشی کوردی بو رە خساندم. بە لام وتاری ناوبراو لە دە رگای لاشعوری دام و دوبارە هینایە وە بە ر شعور.

چاویک لەم وشانەبکەن: نوسەرانی گزگل، فاشیل، قومارچی دوراو، مایە پوچ، چەورە، چەورە روشنبیر، سەرسەری، زمانی سە رسە ری و چە قوکیش، سە رسە ریخانە، چە ورە، سە گ وە ر..........هتد.

جگە لەوە بەکارهینانی گزگل وەک ناو و ئاوەلناو و ئاوەلکردار، جیگایەکی تایبەتی لە پرماناترین بیدەنگیدا داگیرکردووە ، بویە منیش لە جیگایە کی تایبە تی ئە م نوسینە دا دە گە ریمە وە سە ری.

بو من شەری رەخنەگر و رەخنەلیگیراو لەم نوسینەدا گرنگ نیە، هیندە نەبی، لە جە رگە ی شە ریکدا کە لە سە ر لاپە رە کانی هە تاو و رابووندا پریشکە کانی دە ردە کە ون، لە پرماناترین بیدە نگیدا، پر بیماناترین جنیو و سوکایە تی کردن دە رخواردی خوینە رانی وتارە کە دە دریت.

« روبیرت ئە شباری» یە کیک لە ناسراوترین روژنامە نوسانی سویدە و پیشکە ش کە ری چە ندین بە رنامە ی تە لە فیزیونی کە نالی ٣ ی ئە و ولاتە یە.

ئە شباری لە زوریک لە بە رنامە تە لە فیزیونیە کانیدا، وشە گە لیکی لە چە شنی « شە یتان _ گو» بە کاردە هینی.

ئەم کارە بووە هوی ئەوەی کە ئافرەتیکی خانەنشینکراوی سویدی، وەک پروتیستیک، شالاویکی کوکردنە وە ی ئیمزا دەست پیبکات، تا چیدی لە دەستگاکانی راگەیاندنەوە ئەو جورە وشانە ی کە بونی بی فەرهەنگی و

جنیودانی لیدیت، به کارنه هینریت.
یه کیک له روژنامه نوسه کانی روژنامه ی «GT»، له پاش لیکولینه وه ی له راپورتی پولیسی شاری « ترولهیتان» که ده رباره ی لیدانی راسیسته کان بوو له په نابه ریکی ئه فریقی، خوازیاری به دادگایی دانی پولیسی ئه و شاره بوو به تاوانی ئه وه ی که: پولیس وشه ی «neger» ی له چه ند شوینیکی راپورته که دا له بری وشه ی پیست ره ش به کارهینابوو.
چونکه وشه ی « neger» به بوچونی روژنامه نوسه که، زیاتر ده ربرینیکی راسیستانه یه و له زمانی نوسینی ده ستگایه کی ده وله تییه وه دووره.

ئه مانه چه ندین نمونه ی دوباره بووه وه ی روژانه ی روژنامه گه رییه له ولاتیکدا، که ره فیق سابیر تیایدا سه رنوسه ری گوڤاریکی کوردییه وه و به شیکی زوری بودجه ی دابین کردنی گوڤاره که ی له ده ستگاکانی ئه و ولاته وه رده گری.
سه یر له وه دایه که نوسه ری پرماناترین بیده نگی ده نوسی: « ئه و ئازادییه ی که ولاتانی ئه وروپا بو نوسین و ده ربرین دابینیان کردووه، ده رفه تی بو که سانی ده روون نه ساغ و چه وره روشنبیر و سه رسه ری ره خساندووه تا به ئاره زوی خویان په لاماری نوسه ران و شاعیران و که سانی دی بده ن و، به زمانی سه رسه ری و چه قوکیشه کان، کولی ده رونی خویان هه لبریژن.»
من پیم باشه خوینه ری ئه م دیرانه بریاربدات، تاکو بزانریت نوسه ری پرماناترین بیده نگی چه ند ره چاوی پره نسیپه کانی ئازادی راده ربرین ده کات؟ له کاتیکدا ده بوایه خوی له ژیر سیبه ری ئه و ئازادیه دا به زمانیکی تر بهاتایه ته گو. یان کاتیک نوسه ری پرماناترین بیده نگی ده لی: « هه ندیک له م چه وره روشنبیرانه که هه موو به شدارییان له ژیانی روشنبیریدا ئه وه یه که کولتوری سه رسه ریه کان و قاموسی ئه وانیان هیناوه ته ناو نوسینی کوردییه وه.» ، هه ست ناکات که خوی له لاپه ره یه کی کورتدا، قاموسیک له پیسترین جنیوه کانی شه قامی کوردی له چه ندین دیردا کوکردوته وه؟
له نوسینی ناوبراودا بو حه وت جار ده ربرینی له چه شنی: نوسه رانی گزگل، گزگلی و، گزگلانی جیهانی داهینانن و، شیعر نوسی گزگلانه، ئه وه ی له دیدی ئه م گزگلانه وه........ به کارهاتووه.
له هه مووی سه رنج راکیشه رتر، نوسه ری پرماناترین بیده نگی، په یامه که ی خوی له سلاویکدا چرده کاته وه که له دوا دیره کانی وتاره که یدا هاتووه: سلاو له داهینان و به رزه فری، سلاو له بیده نگ بونی پرمانای داهینه ران.
من کاتیک چاوم به وشه ی داهینان ده که ویت له م وتاره دا، موچرک به له شمدا دیت. به راستی ئه مه چ جوره تیگه یشتنیکه له داهینان کاتیک گزگل به هوی سروشتی بچوک بونی خویی و تال بونیه وه ده بیته نیگه تیف ترین سیمبوله کانی دژی داهینان.

من نازانم؛ بوچی ده لین: ئه سپ ئاژه لیکی نه جیبه و کوتریش جوان؟!
بوچی له قه فه سی هیچ که سیکدا دال نییه؟
گولی شه وه ر، چی له گولاله سوره که متره؟ _ به شیک له شیعری صدای پای اب _ سهراب سهپری.
« زمانی کوردی تا ئیستاش نه یتوانیوه موری ده ره به گایه تی له نیو چاوانی بسریته وه و کراسی کونی ده وره ی فیودالی دارنی و به رگی نویی ئینسانی سه ده ی ئه توم و ته کنیک به بالای خوی ببری.» _ گوڤاری هانا _ ژماره ١، نوڤه مبه ری ١٩٩٥.
گه ر له چاوی ژیشکه وه سه یری نه رم و نولی بکه ین، هیچ که سیک له کورپه ی ژیشک نه رم و نولتر نییه.
که سیک ناتوانی گورانی به بالای داهینان و به رزه فریدا بلی کاتیک پیی وابی خری و تالی و زبری گزگل ده بیت وه ک سیمبولی به که م زانین و سوکایه تی کردنی ئینسان به کاربهینریت.
کاتیک له پرماناترین بیده نگیدا، هه ستی ئینسان به دزیوترین شیوازه کانی جنیو تیرور ده کری، خوش خه یالیه داوا له

نوسه ره كه ی بكری، كه با گزگل و داله كه رخوره یش ریزی خویان وه ربگرنه وه.

گوڤاری رابوون بهم جوره نوسینانه نرخی خوی دادهبهزینیته ئاستیک، كه لهگهل خواستهكانی ئینسانی سه رده مدا ناته بایه و ریزی خوینه رانیشی له ده ست ده دات.

***

هەواڵنامەی کتێب

# شیکردنەوەیەک بو سیستەمی پەروەردە

سه لام عبدالله ئیبراهیم _ ئه لمانیا

(به شی یه که م)

پیشه کی

سیستیمی په روه رده یی گوره پانی جه نگیکی هه مه لایه نهیه که تیایدا ده یان تیوری جوراوجور سه نگه ریان له یه کتر گرتووه. کارگەیەکە، تیایدا مروف ئامادە دەکریت بو گیرانی ئەرکەکانی لە ناو کومەلگادا. لەم ناوەراستەدا بە شیوه یه کی سه ره کی، دوو هیلی زال دژ به یه کتر، جودا، ململانی ده که ن. یه کیکیان مروف ئاماده ده کات بو قبول کردنی بیر و بوچوون و یاسا و نه ریتی سیستیمی سه رمایه داری ده سه لاتدار، و ئه وه ی تریان بو هه لوه شاندنه وه ی ئه و یاساو نه ریته بالا ده ستانه خه بات ده کات. یه که میان میراتگه ری چه وساندنه و ه ی مروفایه تیه، دووهه میان شیوعیه تی زانستی یه؛ میراتگەری خەباتی ئازادی کریکاران ئالاو بە ئازادی سەرجەمی مروفایە تی. زانا "پاولو فرایه ر"(١)، له کتیبەکەیدا "پەروەردەیی چەوساوەکان" ئاماژە بو هەندی میکانیزمی "پەیوەند_رەفتار"ی نیوان ماموستا_قوتابی ده کات و تییدا به شیکه له سیما و پراکسیسی په روه رده کردن له کومه لگای چه وساندنه وه ده خاته روو؛ وه ک:

١_ ماموستا فیر ده کات؛ قوتابیان فیر ده کرین.

٢_ ماموستا هه موو شتیک ده زانیت ؛ قوتابیان نه زانن.

٣_ ماموستا بیر ده کات؛ ده رباره ی قوتابیان بیر ده کریت.

٤_ ماموستا ئه دویت؛ قوتابیان سالارانه گوی ده گرن.

٥_ ماموستا وانه ی ره وشت ده لی؛ قوتابیان ره وشت دار ده کرین.

٦_ ماموستا بابه ته کان هه ل ئه بژیریت و جیبه جیی ده کات؛ قوتابیان ده نگ به هه لبژاردنه که ی ئه و ده ده ن.

٧_ ماموستا ره فتار ده کات، "چه ندوچون" ده کات؛ قوتابیان وه همی چه ندوچون کردن ده که ن بەگویره ی چه ندوچون کردنی ماموستا.

٨_ ماموستا پلانی وانەکان دیاری دەکات؛ قوتابیان "بەبی ئەوەی پرسیان پی بکریت" خویان لەگەل وانه دیاریکراوه کان ده گونجینن.

٩_ ماموستا ئوتوریته ی زانست له گه ل ئوتوریته ی خوی وه کو ماموستا تیکه ل ده کات؛ ئه مه ناکوکی دروست ده کات له گه ل ئازادی قوتابیان.

١٠_ ماموستا له پروسیسی فیربوون دا رولی کردار ده بینیت؛ قوتابیان ته نها بابه تن.

ئەم دارشتنانە سەرەرای کورتیان زور لایەنمان بو روون دەکەنەوە. بەرای من دەبوایە چەند خالیکی‌تری بو زیاد بکردا یه. بو نموونه کاتیک ماموستا دیته ناو پول، قوتابیان له به ر پییدا راده وه ستن. ماموستا له پیشه وه را ده وه ستیت، قوتابیان به سه لاری یه وه له جیگاکانیان دا داده نیشن.

ئه مانه به گشتی:

١_ بناغه ی په یوه ندیه کانی خاوه ن فرمان_ چه وساوه کان پیک ده هینن.

٢_ منداله کان ئاماده ده که ن بو قبول کردنی داب ونه ریت و ویستی ده سه لاتداره کان.

٣_ هیزی خولقینه ری مندالان داده مرکینیت و له گه شه کردنی داهینه رانه سه رکوت ده کرین.
٤_ ترس ده خولقینریت له گیان و هوشی مندال دا.
٥_ ئازادی بیرده ربرینیان لی زه وت ده کری.
٦_ که سایه تیان ده شیوینریت.
٧_ سروشتی په ره سه ندنیان بو دواوه ده بات.
٨_ هارمونی په یوه ندی مروف له گه ل مروف سه راوژور ده کات بو مروف_ دژ به مروف؛ واته په یوه ندی نیوان "الجلاد_ الضحیه".

به هه مان ئه ندازه، ده بینین له ناو بنکه ئایینی یه کان و حیزبه کان دا، مه لا، سه ید، شیخ(٢)، یان سه روکی ده وله ت و حیزبه کان، له سه ر مینبه ر و جیگا به رزه کانه وه حه دیس و ووتاره کانیان ده خویننه وه، خه لکیش به بی ده نگی و به ریزه وه گوییان لی ده گرن. له ناو کا رگه کان دا به رپرسی به رهه مهینان، به ریوه به ری گشتی، ژووریکی به رزی بو کونترول کردنی کریکاره کان هه یه ؛ بیجگه له وه ش فیدیوکامیراش بو هه مان مه به ست به کار ده هینن. له لادیکان دا، خاوه ن زه وی یه کان، یان شیخ، له ناو دیوه خانه کاندا له سه ری سه ره وه داده نیشن. که بیینه خواره وه بو لای ده رگای دیوه خانه که، ده بینین که هه ژاره کانی دی و چه ند گه نجیک له ناوه راستی پیلاوه کان دانیشتون.
من ئه م نموونانه هه موو به چاو لی کردنی خودا_ ده سه لات ده زانم، هه ر بویه ش دال کراوه به سمبولی ده سه لات(٣)، ده سه لاتی درندا یه تی و خو به زل زانین دژی پرنسیپی برایه تی مروف له گه ل مروف و هاوسانیان له کار، مولکداریه تی.. هتد. له کاتیکدا ئه گه ر ئه و مروفانه ی که جیگاکانیان نیو پیلاوه کانه، کریکاران، "نیر و می" بو ژیان ئاژاوه چی، تیروریست، نه فام، تاوانبار و خوینریژ له قه له م ده درین و به کومه ل کوشتنیان حه لال ده کریت... "فرایه ر"، له بوچوونه کانیاندا، هاوکیشه یان به م جوره نابینیت، چونکه سه ره رای ره خنه به جیکانی کابرا یه که بروای به خوا هه یه، بویه بوچوونه کانی خزمه ت به ئایین ده کات، به ده سه لاتی مولکداره کان، نه ک به چه وساوه کان، خزمه تکردنی دال ده کات!
پیش مارکس و ئه نگلس، ره خنه گری رادیکالانه له سیسته می بورجوازی له ئارادا بووه، له وانه "روبرت ئووین"، "شارلز فور"یه. ئه مانه نموونه یان بو په روه رده ی شورشگیرانه دامه زراند، داوای په یوه ندی نیوان په روه رده و به رهه مهینان و هاوسانی مافی په روه رده کردنی مروفه کانیان ده کرد. به لام خاوه ن میتودلوجیه ک نه بون که ئه م "په روه رده نوی" یانه بپیون ئه وه نه بیت، هه ولیان ده دا به ریگای راگه یاندنی بیری خوشه ویستی گورانکاری به سه ر سروشت و مروف به دی بهینن، مروفه کان سه ر له نوی په روه رده بکه ن و شاروچکه ی کومونیستی تاک تاک بنیات بنین. ئه م کاره له رووی په ره سه ندنی پرولیتاریادا به رامبه ر به چینی ده سه لاتدار و سیستیمی به رهه م هینانیان له لایه که وه، و قوتابخانه و سیستیمی پروپاگه نده یان له لایه کی تره وه شکستی هینا. قازانجی کلیسا و لوله ی تفه نگی ده سه لاتداره کان کاریگه رتر بوون. ئامیره کان و قازانج، بریارده ری ئاستی فیرکردنی دانیشتوانی شاره کان بوو. بویه هه ر ئه و کاته "فیلهیلم فایتلنگ"، یه که م تیوریزکه ری بزوتنه وه ی پرولیتاریای ئه لمانیا ووتی سوسیالیسته ئوتوپی یه کان خویان کرد به گالته جاری به را مبه ر چینه کومه لایه تیکان. ئه و بروای به وه هه بوو که زانست و کار ده بن به ناوه ندی په روه رده، کاتیک کومه لگایه کی شیوعی هاریکاری ریکخراو به دی هاتبیت، وه لاوه کان له هه موو بواره کانی زانست و هونه ر فیر ده کرین و له هه موو کاره کاندا راده هینرین.
سالی ١٨٣٥ کاتیک که مارکس هیشتا ته مه نی ١٧ سال بوو، به م شیوه یه ی خواره وه باسی تاقی کردنه وه ی "بکلوریا" ده کات:
«لیپرسین له گه نجیک بو هه لبژاردنی پیشه یه ک» واته هه لبژاردنی پیشه یه ک به زه بر کراوه به شادی بو مروفایه تی. ئینگلزیش له نامه کانی له "فوپرتال"وه وینه یه کی روونمان ئه دا به ده سته وه، له سه ر قوتابخانه کانی پروسیا که چون له

ژێر کارتیکردنی پروتستانتیەت سوفیزمە بە شێوەیەکی زور خوش بە ویستە روحی یەکانی گەنجە بورجوازی یەکان رادە بویری:

«مندالی بازرگانە کان لە ناوچە سنوری یە کان بە پلە ی یە کە م حە ز لە ئە سپ و سە گ و پشیلە و ئافرە تی جوان دە کە ن. ئە م گە نجانە باسی نوسە رانی پلە ی سیهە م دە کە ن»

هە روە ها قوتابخانە ی بورجوازی بە بە ندیخانە و مولگای سە ربازی بە را ورد دە کات و کە چون ئارە زوە کانیان پشت گوی دە خریت و سزادان و مە سیحیە ت فرمانرە وایی دە کات؛ و کە لە دە رە وە ی قوتابخانە کانیش پولیس خوای ئە م سە دە یە یە و دە سە لاتداری دە کات.

لە ۲۱و ۱۹/ ۱۳/ ۱۸۴۸ مارکس و ئینگلز داخوازی یەکانی حیزبی شیوعی ئەلمان دەنوسن و تییدا داوای بەخورایی کردنی فیربوونی گشتی دەکەن و بە هەمان شیوە لە بەیاننامەی حیزبی شیوعی خالی"۱۰"ش دووبارە ی دە کە نە وە. ئە م داخوازی یە بو ئە و کاتە هە نگوینی مە زن بووە، چونکە فیربوون دە زگا یەک بووە هە ژارە کان، کریکارە کان و مندالە کانیان توانایان پی نە شکاوە توخنی بکە ون! لە نامیلکە ی "رە خنە گرتن لە بە رنامە ی گوتە" دا مارکس دا وا دە کات:

«قوتابخانە لە گشت کارتیکردنی حکومە ت و ئایین دوور بخریتە وە»

ئە م رە خنە یە وە لامدانە وە یە ک بوو بە دا خوازی "پە روە ردە ی شە عبی گشتی هاوسان بو هە مووان لە ریگای دە ولە تە وە".

مارکس ئە م بوچوونە بە رپە رچ دە داتە وە و ریک دە لیت:

«بیگومان خودی دەولەت لە ئیمپراتوریەتی ئەلمانیـ پروسیدا (مەبەست لیرە دە ولە تی دوا روژ نیە) پیویستی بە فیرکردنیکی زور دلرە قانە هە یە لە لایە ن هیزە کانی گە لە وە»

لە سە ر هە مان خال مارکس بە م شیوە ی خوارە وە دریژە ی پیدە دات:

«لە و خالە دا دە بوایە لە لا یە نی کە مە وە، شان بە شانی قوتابخانە شە عبیە کان، داوای قوتابخانە ی تە کنیکیـ تیئوری و عە مە لی بکە ن".

ئە م داوا کاریە هیچ لە تیروانینی مارکس، ئینگلز ناگوریت بو دە ست نیشانکردنی سیستە می فیربوون لە "پروسیا" و لە م بارە یە وە دە لیت:

«ئە م سیستە مە دە یە ویت تە نها بە و ئامانجە بگات کە سە ربازی باش دروست بکات".

مارکس یاساکانی قوتابخانەی بورجوازی فەرەنسی پاش ۱۸۴۸ لە کتیبی "هەژدەی بروميری لویس بوناپە رت" بە م شیوە یە دە ست نیشان دە کات:

«۱ــ بو کە م کردنە وە ی ئاستی فیربوونی جە ماوە ر.

۲ــ دوور خستنە وە ی جە ماوە ر لە سە رچاوە کلتوریە کان، بو ئە وە ی هە تا پییان بکریت دریژە بە دە سە لاتە کەیان بدە ن.

۳ــ دژایە تی ماموستا شورشگیرە کانی لادیکان، و سنووردانان بو کارتیکردنە پیشکە وتوخوازە کانیان. ئە و ماموستایانە دە خرانە ژیر چاودیری پولیس، جاسووسە کان و کارمە ندانی بە رپرسیاری ناوچە کان.

۴ــ دژایە تی کردنی جوتیاران. »

هەلبەت ئەم دوو بلیمەتە تەنها بە چەکی رەخنە نەجەنگاون بەلکو ئەلتەرناتیفی خویانیان نیشان داوە. لە بواری پیادە کردنی پروسیسی فیربوون، مارکس ئە مە ی خوارە وە ی دە ست نیشان کردووە:

«۱ــ پە روە ردە کردنی فکری.

۲ــ پە روە ردە کردنی "جیسمی"، چون لە قوتابخانە وە رزشیکان و مە شقە سە ربازیکان پە یرە و دە کریت.

۳ــ پەروەردە کردنی پولیتەکنیکی، کە مندالان بە پرنسیبە بنچینەکانی هەموو پروسیسە کانی بە رهە م هینان فیرو ئامادە یان دە کات، لە هە مان کاتدا مندالان و گە نجە کان بە شیوە یە کی عە مە لی بە کار هینانی ئامیرە سە رە تاییە کان

فیر ده کات.»

دا به ش کردنی مندالان و کریکاره لاوه کان ده بیت به گویره ی ته مه نیان گونجاو بیت له گه ل میتودلوجیه کی فیکری و به ده نی و فیربوونی ته کنیکی له نزمه وه بو به رز. خه رجیه کانی قوتابخانه ته کنیکیه کان ده‌بیت که م تا زور له فروشتنی به رهه مه کانی ده ربچیت. ره نگه بیجگه له پوله یه که مه کان، کوکردنی نیوان کاری به رهه م هینه ر و کری یه که ی ده دریت و په‌روه‌رده‌ی فیکری، مه‌شقکردنی جه‌سته‌یی و فیربوونی پولیته‌کنیکی، ئاستی چینی کریکار زور زیاتر له ئاستی بورجوازی و ئه ریستوکراتیه کان به رز ده کاته وه. ئه م کونسیپته به ستراوه به بوچوونی مارکس، ئینگلز له سه ر ده سه لات؛ په روه رده ی خولقینه ر له گه ل بارودوخی ده سه لاته کانی تر که مه حکومه به ئه نتا گونیسمیکی چاره سه رنه کراو. له م باره دا ده‌لین:

«زانست ته نها له کوماریکی کریکاری دا ده توانیت رولی واقیعی خوی بگیریت».

هه لبه ته مه به ستیان له رولی واقعی ئه وه یه که زانست و فیربوون ببن به ئامیریک بو خزمه ت کردنی مروف نه ک ببن به ته وق به سه ریانه وه؛ وه کو ئه وه ی ئه مرو له جیهانی سه رمایه داری دا به زه قترین شیوه به دی ده کریت که مروف تییدا ئامیریکه بو زامن کردنی هه رچی زیاتر قازانج بو خاوه ن بانق و کومپانیه زلهیزه کان و ئامرازه کانی پاراستنیان.

"فیلهیم لیبخنت" (۱۸۲٦_ ۱۹۰۰) هاوریی مارکس، ئنگلز و رابه ریکی بزوتنه وه ی کومونیستی به روونی رولی زانستی فیربوون به وته یه کی به ناو بانگ پیشانمان ده دات:

«زانست، ده سه لاته. ده سه لات، زانسته. له میژوودا، فیربوون هه میشه به گویره ی ویست و خواستی ده سه لاتداران بووه. ده سه لاته ئایینی یه کان_قوتابخانه ی ئایینی و ده سه لاته بورجوازیه کان قوتابخانه ی بورجوازی (به هه موو باله کانیانه وه) داده مه زینن.»

به‌لام ئه‌گه‌ر کومونیسته‌کان بوچوونی خویان له‌سه‌ر شیوه و ناوه‌روک و ئامانجی فیربوون باس بکه‌ن، ده‌سبه‌جی ده کریته هات و هاوار و ده لین نابیت ئه وه تاوانه؛ بی ره وشتیه؛ شیرازه ی خیزان تیک ده دات؛ یان نابی باسی سیاسه ت بو مندالان بکریت...! ئه م دوو روییه فیرکردنی ده سه لاتداره کانی دنیای جه نگ و سته مه و خیرا بومان ئاشکرا ده کات. زور به ئاسانی ده توانیت ده ست نیشانی ئه مه بکه ین:

۱_ ده‌سه‌لاتی فاشی له عیراق، هه‌موو پروسیسی فیرکردنیان کردووه به ئامراز بو به هیز کردنی بنه ماکانی فاشیزم، نه ته وایه تی، ئایین، تاقه رابه ر، ره گه زپه رستی، شوفینیزم، میلیتاریزم، به رهه م هینانی سه‌رمایه داری،... هتد.

۲_ ده‌سه‌لات له ئیران، هه‌موو شتیک ده‌خاته پیناوی ده‌سه‌لاتیکی تیوکراتی به‌رهه‌م‌هینانی سه‌رمایه‌داری، میلتاریزم...

له نزیکه وه له م دوو نموونه یه ئاگادارییاین. جیگای داخه که به هوی که م ته مه نی کومونه ی پاریس، کاتی ئه وه یان بو نه ره خسا سیسته می فیربوون سه ر له نوی ریک بخه ن، ئه گینا تاقی کردنه وه یه کی زور ده وله مه ندمان بو ده مایه وه. به لام سه ره رای ئه و ماوه کورته، کومونه قوتابخانه کانیان له ده سه لاتی نه گریسی کلیسا رزگار کرد، زانیاریش خرایه خزمه تی گه ل. له میژووی بزوتنه وه ی کریکارانی شورشگیر دا، سیاسه تی فیربوون له سه ر تیروانینه کانی مارکس، ئنگلز گه شه ی پی دراوه. ئه م سیاسه ته بریتین له:

۱_ یه کگرتنه وه ی قوتابخانه و ژیان، قوتابخانه و شورش.

۲_ دامه زراندنی فیربوونی هاوسان بو هه موو ئه ندامه کانی کومه ل،

۳_ دامه زراندنی سیستیمیکی سوسیالیستی یه کگرتوو بو فیربوون.

۴_ ئاماده کردنی ئاستیکی به رزی زانستی بو فیربوونی گشتی.

۵_ دامه زراندنی قوتابخانه ی کاری پولیته کنیکی.

٦_ په ره پیدانی قوتابخانه وه کو ده زگایه کی ئایدولوجی. له م خاله دا ناچارم سه ر له نوی بلیم که شیوعیه کانیش بویان

هه یه شتی وا بلین. هه موو ته یاره کانی ئایدیولوجی، خویان "به زه بر و زه نگ" به مانا فراوانی ئه م زاراوه یه، ده سه پینن...

٧ـ پیکهینانی په روه رده وه کو ریکخستنی ژیانی هه ره وه زی "کولیکتیف".

٨ـ پیکه وه کارکردنی قوتابخانه له گه ل هیزه کانی په روه رده کردن له ناو کومه لگا و ده وله ت. لیره دا مه به ست ده وله تی کریکاران و جوتیاره هه ژاره کانه و حیزبه شیوعیه که یه تی که بو ماوه یه ک به ناچاری ده زگای ده وله ت به کار ده هینریت بو قه لاچوکردنی دوژمنان به ریگای زه بر و زه نگ. مارکس ده لیت:

«هه تا پرولیتاریا پیویستی به ده وله ت بیت، ئه م پیداویستی یه بو گه یشتن به ئازادی نیه، به لکو بو له ناوبردنی دوژمنه کانیه تی. ئه و کاته ی که بکری باس له ئازادی بکریت، ئیتر ده وله ت وه کو ده وله ت له ناو ده چیت»

ئاشکرایه بورجوازی هه موو هه ولیک ده دات که داب ونه ریت و ئیدولوجی خوی له نیو مندالان بسه پینیت:

١ـ مندالان فیری پیروزی مولکایه تی ده که ن.

٢ـ سیسته می بورجوازی له هه موو سیسته میکی تر عادلتره و ئه به دییه و هیچ سیسته میکی‌تر ناتوانیت به دی بیت.. هتد.

٣ـ ترس له خودا و خاوه ن ده سه لاته کان ده خه نه ناو دلی منالانه وه، به جوریک که کاتیک گه وره ده بن، زور سه خت ده بیت ئه و بوچوونه پوچه لانه ره ت بکه نه وه.

٤ـ خوپه رستی..." کلاوی خوم با نه یبات، چی ئه بیت با ببیت".

هه روه ها ده یان بوچوونی تر که له سه ر پایه ی فه لسه فی داریژراوه و کاری په روه رده یی ده کات.

هەواڵنامەی کتێب

## په راویز:

١ـ پاولو فرایه ر: پروفیسوریکی به رازیلی یه، له پیشه واکانی بزوتنه وه ی« لاهوت التخریر»، که له هه مان کاتدا به کلیسای« یاخی» به ناو بانگه، ئه مانه به گشتی له ناو چینه هه ژاره کاندا سه ریان هه لدا ، موخابه راتی ئه مریکی سه دان قه شه یانی لی کوشتن، فرایه ر له «١٩٢١» له شاری «**Recife**» له دایک بووه هه ر به گه نجی زانیویه تی برسیتی چی یه و چی به په ره سه ندن و چالاکی فیربونی مندال ده کات. وه کو ماموستایه کاری کردوه پاشان پروفیسوری میژوو و فه لسه فه ی په روه رده کردن و دوای وه کو پاریزه ر کاری کردوه، به لام که پیی زانی ئه و یاسایانه ی که له زانکو خویندویتیه وه، یاسای خاوه ن مولکه کانه دژی بی مولکه کان ئه م کاره ی به جی هیشت.

(*) بو ئاگاداریه کی زیاتر له سه ر «لاهوت التحریر» بروانه «الثقافه الجدیده» ژماره« ١٧٣، ١٧٤» له لاپه ره ی« ٩٢ـ ١٠٤».

٢ـ بیستومه که به ریز کاکه حه مه کوری مام ره زا به م جوره هه لسو که وت ناکات، خواردن له ناو دیواخانه که ی به ریزیه وه دابه ش ده کریت به بی گوی دان به گه وره و مندال، هه روه ها مامه ره زا کاتیک له دادگای که رکوک پرسیاری لیده که ن کارت چی یه؟ له وه لامدا ده فه رموی جوتیار. واته لاف و گه زافی شیخایه تی لی نه داوه.

٣ـ بو نموونه ئه لمانیا، عراق، پ ک ک، روسیا.. هتد ئه م کاره هوی که شی هه یه لیره جیگای باسکردنی نابیت.

**تیبینی:** ده رباره ی وجودیه ت هیچم نه نووسیوه، چونکه ریبازیکی ناسراوه، حه زم نه کرد شت دووباره بکه مه وه.

***

# پارکی پەیکەرەکانی "گوستاو ویگیلەند" لە ئوسلو

ئامادە کردنی: لە یلا قانعی

یە کیک لە جوانترین و بە ناوبانگترین کارە هونە ری یە کانی وولاتی نە رویج، بریتی یە لە "پارکی ویگیلە ند" لە شاری ئوسلو. ئە م پارکە ۱۹۲ پە یکە رە ی (بە زیاتر لە ۶۰۰ وینە وە ، ـ فیگورە وە ـ ) لە قە وارە ی ئینسان دا تیدایە. مودیل و فورمی تە واوی ئە م پە یکە رانە لە لایە ن "گوستاو ویگیلە ند" خوی بە تە نیایی دارژاوە، واتە لە کاری دارشتنی سە رە کی و بناغە یی دا، یارمە تی لە هیچ کە سیکی تر وە رنە گرتووە.

لە سە رە تاوە قسە تە نیا لە سە ر تاشینی پە یکە رە بو سە رچاوە ی نیو پارکە کە بوو. سالی ۱۹۰۷ مودیلیک پیشکە شی شورای شاری ئوسلو کرا و ئیشی دروست کردنی پە یکە رە ی سە رچاوە کە بە "گوستاو ویگیلە ند" سپاردرا. بە لام کات بە سە رچوو و پارە ی پیویست بو ئە م ئیشە هە ر تە رخان نە کرا. "ویگیلە ند" خوی هە روا زور پە یکە رە ی تری (پە یکە رە ی تاشراو لە بە ردی گرانیت کە دوایی لە دە وری مونولیتە کە دا دانران) خستنە ناو پروژە کە وە.

سالی ۱۹۲۴ شاری ئوسلو بریاری دا کە سە رجە می پروژە کە ی "ویگیلە ند" لە پارکی "فراگنیر" **Frogner** دا (کە دوایی بوو بە "پارکی ویگیلە ند") بە ئە نجام بگە یینددری. سالی ۱۹۳۱ پردە کە ی نیو پارکە کە دووبارە دروست کرایە وە و زور پە یکە رە ی "برونز" لە ئە م لاو ئە و لای پردە کە دا دانران. "ویگیلە ند" تا کوتایی ژیانی لە سالی ۱۹۴۳ دا هە روا دریژە ی بە دارشتنی مودیلی پە یکە رە ی نوی بو نیو پارکە کە دا.

"گوستاو ویگیلەند" **Gustav Vigeland** سالی ۱۸۶۹ لە کە نارە کانی جنووبی نە رویج لە شاری "ماندال" **Mandal** لە دایک بوو. زەوقی هونەری "ویگیلەند" لە سەرەتاوە لە وینەکیشی و کاری هونەری لە سەر دار دا خوی نواند. لە تە مە نی ۱۵ سالان دا باوکی لە گە ل خوی دە یبا بو ئوسلو بو ئە وە ی لە لای وە ستایە ک دای بنی. بە هوی مە رگی باوکی دوو سال دواتر، مە جبوور بوو بگە ریتە وە بو شاری "ماندال" و هە رچی ئومیدی پە یکە رتاشی بوو لە بیر خوی بباتە وە. سالی ۱۹۸۸ "ویگیلە ند" جاریکی تر دیتە وە بو پاتە خت "ئوسلو". ئە مجارە یان کومە لیک لە ئیشە کانی خوی، وە کوو مودیلی پە یکە ر، وە زور فیگوری هە لکە ندراو (کە موتیفی زوربە یان بریتی بوو لە میتولوژی یونانی و مە سیحی) لە گە ل خوی هینا.

"برینولوف بەریسلەین"ی **Brynjulf Bergslien** پە یکە رتاش بە دیتنی توانایی و زە وقی "ویگیلە ند" لە وینە کیشی دا، دیباتە ستودیوی خوی و لە وی بو یە کە م جار پە یکە رتاشی پراکتیزە دە کا.

ئاشنایی "ویگیلەند" لە گەل بەرهەمەکانی "ئاگوست رودین" Auguste Rodin لە سالونە هونەرییەکانی پاریس، کاریکی زوری کردە سەر ئەو. وردبوونەوەی قوولی "رودین" لە سەر پەیوەندەی نیوان ژن و پیاو لە بە رهە مە کانی، تە نانە ت لە سە ر مە وزووعی کاری ویگیلە ند کە تا کوتایی ژیانی خایاند، کاری کرد.

## مونولیت Monolith
## ستوونی بەردی یەکپارچە

ئە م ستوونە ۱۴ میتر و ۱۲ سانیتمە و لە یە ک تە ختە بە رد پیک هاتووە و ۱۲۱ دانە وینە ی لە سە ر هە لکە ندراوە. مودیلی ئەم مونولیتە سالەکانی ۱۹۲۵_۱۹۲۴ لە لایەن "ویگیلەند" داریژرا. ئامادە بوونی ئە م مونولیتە، ۱۴ سالی

خایاند و تا ئاماده بوونی سی (٣) ته خته  به ردی سه رف بوو. مونولیته که سالی ١٩٤٣ ماوەیه کی زور کورت به ر له مه رگی "ویگیله ند" کوتایی پیهات.
تەواوی ستوونەکە  لە پەیکەرەی هەلکەندراوی ئینسان، بە تاک و بە گروپ، داپوشراوە. لە هە رە  ژیرە وە پە یکە رە ی ئینسانی تاقه ت پرووکاو دیته به رچاو. له سه ره وه ی ئه وانه وه، چه نده ها وینه ده بینری که وه ک پیچ به ره و سه ر ده چن. ئه م حه ره که یه  له شوینیک له ناوه راستی ستوونه که دا ده وه ستی. ئه مجار دیسان حه ره که که هەلده ستیته وه و به توند وتیژی بەرەو لوتکە  دەروات کە بە منالی ساوا داپوشراوە.  لە  سەر ئەم مونولیتە زور تە عبیری جوراوجور کراوە، وە کوو: دووبارە ژیانەوەی ئینسان، تنازع بقا(خەبات بو ژیان)، ئارەزوی ئینسان بەرەو فەزای رووحی، بەرزتر بوونی ژیانی روژانە، دووبارە بوونە وە ی دە ورە یی.
له ده وری مونولیته که ٣٦ گروپ په یکه ره ی گرانیت که ره وتی له پسان نه هاتووی ژیان ده خه نه به رچاو، دانراون. هه ر پەیکەرەیەک بە لانیکەم دوو مروڤی تیدایە و هەلومەرج و پەیوەندی جوراوجوری ئینسانی پیشان دەدەن. ژن و پیاویک کە رووبەرووی یەکتر دانیشتوون؛ لە یەکیتردا بە منالیکەوە لە بەینیان دا؛ تاقمی منال لە حالی یاری کردن دا؛ ژن و پیاوی نوقمی خه یال که یه کتریان گرتووه ته باوه ش. ده وره ی پیری له چه ند ها گروپ دا خراوه ته  به رچاو. ئه م گروپه ئیشه به روونی تنوع هه م له کومپوزیسیون و هه م له فورم دا پیشان ده ده ن. "ویگیله ند" له به رهه مه کانی سه ره تایی خوی دا تا ئه و جیگه یه ی بکرایه، هه ولی ده دا که هیچ له ته خته به ردەکه م نه کاته وه و وه ک خوی به گەورەیی بیهیلیتەوە. پەیکەرەکانی ئەم قوناغەی "ویگیلەند"، زور گەورە و سادە ن و وردە کاری یە کی ئە وتویان لە سە رنە کراوە.
به رهه مه کانی دواتری "ویگیله ند" (له چاو به رهه مه کانی سه ره تایی دا) هه م له کومپوزیسیون و هه م له فورم دا تنوعی زیاتریان تیدا به دی ده کری و فه زایه کی ئاواله ی زیاتر له به ینی فیگوره کان دا ده بینری.
ویگیله ند دارتاشیکی زور لیهاتوو بوو  و خوی راسته وخو له سه ر به رد ئیشی نه ده کرد. ئه و به رهه مه کانی له بالای سروشتی دا داده رشت و ئیشی هه لکه ندنی فیگوره کانی (که زور کات ده بات) به هونه رمه ند و به ردتاشه  لیهاتووه کان ده سپارد.

هەولێنامەی کتێب

## پرد

له ئەم لاو ئەولای پردە بەردینەکەی نیوپارکەکە ٥٨ پەیکەرەی برونز لە مروڤ لە تە مە نی جوراوجور دا دانراون. هەلبەت لەم گروپەدا کەمتر پەیکەرەی تەمەنی پیری تیدایە. زوریک لە کاراکتەرەکانی منال لەم بەشە دا، سه رنج راکیشن. موتیفی سه ره کی ئه م په یکه رانه په یوه ندی نیوان ژن و پیاو و منال و گه وره ساله. له په یکه ره یه کی بازنه یی برونزی دا، ژن و پیاویک ده بینین که له یه ک ئالاون و ده سوورینه وه . ئه م په یکەره یه بووه ته سیمبولیکی ئاشنا بو هه میشه یی بوون و مه یلی هه میشه یی و خوشه ویستی نیوان ژن و پیاو.

***

# "سواره" له شیعری "شار" دا

فایق عبداللهی

## شار

( ۱ ) گولم!

( ۲ ) دلم پڕه له دەرد و کوڵ

( ۳ ) ئەڵیم بروم له شارەکەت

( ۴ ) ئەلیم به جامی ئاوی کانیاوی دی یەکەم

( ۵ ) عیلاجی کەم کولی دلی پرم،

له دەردی ئینتیزارەکەت

( ۶ ) وەرەز بوو گیانی من له شار و هاره هاری ئەو

( ۷ ) له روژی چلکنی نەخوش و تاوویاوی شەو

( ۸ ) ئەلیم بروم له شارەکەت

( ۹ ) له شاری چاو له بەر چرای نیئون شەوارەکەت

( ۱۰ ) برومه دی که مانگه شەو بزیته ناو بزەم

( ۱۱ ) چلون بژیم له شارەکەت

( ۱۲ ) که پر بەدل دژی گزەم؟!

( ۱۳ ) له شارەکه ت، که رەمزی ئاسن و منارەیه

( ۱۴ ) مەلی ئەوین غەوارەیه

( ۱۵ ) ئەلیی له دەوری دەست و پیم

( ۱۶ ) ئەوەی که تیل و تان و رایەله ،کەلەبچەیه

( ۱۷ ) ئەوەی که پەیکەره میسالی داوەله

( ۱۸ ) ئەوەی که دارتیله ، مەزهەری قەنارەیه

( ۱۹ ) له شارەکەت کەمەندی دووکەله

( ۲۰ ) کەدیتەدەر له مالی دەولەمەند

( ۲۱ ) و تیشکی بی گوناهی خورەتاو ئەخاته بەند

( ۲۲ ) له هەر شەقام و کووچەیەک شەپوری شینه

( ۲۳ ) دی بەرەو دلم

( ۲۴ ) دەستی گەرمی ئاشنا نیه که ئەیگوشم

( ۲۵ ) دەستی چیوی یه

هەواڵنامەی کتێب

( ۲۶ ) لە شارەکەت زەلیلە شیر،

( ۲۷ ) باوی ریوی یە

( ۲۸ ) بە هەر نیگایەک و پەتایە کە

( ۲۹ ) ئەلیم بروم لە شارەکەت

( ۳۰ ) گولم ، هە ریمی زونگ و زەل

( ۳۱ ) چلون ئەبیتە جارە گول

( ۳۲ ) لە شاری تو ، لە بانی عەرشە قوندرەی دراو

( ۳۳ ) شارەکەت

( ۳۴ ) ئاسکە جوانەکەم!

( ۳۵ ) تەسکەبو ئەوین و بو خەفەت هەراو

( ۳۶ ) کی لە شاری تو ، لە شاری قاتلی هەژار

( ۳۷ ) گوی ئەداتە ئایەتی پەراوی دل؟

( ۳۸ ) منی کە گوچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم

( ۳۹ ) بە دارەتەرمی کوچەتەنگەکانی شارەکەت

( ۴۰ ) رانەهاتوە لەشم

( ۴۱ ) بناری پر بەهاری دی

( ۴۲ ) رەنگی سوور و شین ئەدا

( ۴۳ ) لە شیعر و عاتیفەی گەشم

( ۴۴ ) ئەلیم بروم لە شارەکەت گولم.

"سوارە ئیلخانیزادە" یەکیک لەو کەسانەیە کە بە بەرهەمی کەم باسی زوری پیک هیناوە .وە ئەوە خوی یەکیک لە نیشانەکانی بە پیز بونی بەرهەمەکانیەتی . هەندیک کە س دەلین شیعری نوی لە کوردستانی ئیران لە سوارەوە دەست پیدەکا . ئەو وتەیە راستیەکی زوری تیدا مەیوە . جیا لەوەی یەکەمجار کی لە کوردستانی ئیران بە شیوازی نوی شیعری گوتوە ، ئەگەر سوارە چەندەمین کەسیش بی لەو مەیدانەدا ، دیسان گرنگی کاری سوارە پلەیەکی بانتر لە هاودەورەکانی خوی پیدەدا لەبەر ئەوەی شیعری سوارە جیا لە فورم ، ناوە روکیکی نویشی هەیە .

هیشتاش ، چەند سال دوای مەرگی سوارە زور شاعیر هە ن کە بە روالەت شیعری نوی دەنوسن بەلام لە ئەسلدا تەشی ریسراو بادەدەن و بەس یان قاب لە تابلویەکی خولقاو دەگرن کە دیارە گرنگی ئەو کارە چەندەیە !

سوارە لە هەندیک مەواریدی تایبەت دا نەبی کەلکی لە مەفاهیمی کلاسیکەکان وەرنەگرتوە . زمانی شیعری نویی تایبەت بەخوی ، پیوانەی جیاواز، عەناسوری شیعری سەربەخو، و گەلیک وشەی وا کە یان لە شیعری شاعیرانی پیشو تر دا نەبون یان کەم کەلکیان لی وەرگیراوە ، هیناوەتە ناو شیعرەوە .

هەلبەت لیرەدا مەبەست لیکولینەوە لە سوارە و بەرهەمەکانی ئەو نیە لە باری کومەلایەتی یان فەنییەوە بەلکو ئەم نوسراوەیە هەول دەدا کە خوینەر بە ورد بینییە کی زیاترەوە شیعر بخوینیتەوە بو ئەم مەبەستەش هەر وەک ع

ـپاشایی رەخنەگر دەلی باشتر وایە بو خویندنەوە ی هەر شیعریک یەکەم ـ جاریک بەدەنگی نزم لە بەر خووە شیعرەکە بخوینینەوە . دوهەم بە دەنگی بەرز بی خوینینەوە بە چەشنیک کە ئەو کەسانەی کە لە دەورو بەریشن گو یان لی بی و لەزەتی لی ببەن. سیهەم ، ئەمجار دەست بکەین بە ورد بونەوە لە شیعرەکە و دەست بکەین بە پرسیار کردن لە خومان لە بابەت شیعرەکەوە . پیویستە بگوتری کە لەم شیعرەدا تەنیا یەک دەنگ دەبیسری کە لەسەرەتاوە تا کوتایی خوی دەدوی بە بی ئەوەی کە جاریک «گولم» بیتە دوان یان دەنگیکی دیکە ببیسری کە وابو لە مەو دوا ئەم تاقە دەنگە ناو دەنیین ویژەر و دیسان پیویستە بگوتری کە ویژەر ئیلزامەن خودی شاعیر نیە . ئەسلەن وای دابنین کە کەسیکی دیکە جیا لە سوارە لەم شیعرەدا دەدوی. ئەم نوسراوەیە هەولیکی کال و پیویست بەلام ناتەواوە بو باشتر خویندنەوەی شیعری «شار».

شیعری شار بە دواندنی «گولم» دەست پیدەکا . بە شیوەیەک کە دەلیی دەنگیک بە بەر گویی خوینەر دا دی کە بانگی گولم دەکا و ئەم دەنگە گوی یەکان و چاوەکان بو لای خوی رادەکیشی تا دەر بکەوی کە لە کوی وە هاتوە و دەنگی کی‌یە بەو جورە زەین فەعال دەبی تا لەم دە ٘نگە وەکولی . دوای گولم، دلم هاتوە لە سەرەتا ی ۲دا کە ئاهەنگیکی تایبەت دە دا بە شیعرەکە لە سەرەتادا. گول بو دەربرینی ئەو پەری جوانی و ناسکی بە کار هاتوە و ئاشکرایە کە خو ش ویستنی هەمو جوانیەک و ناسکییەک لە دلدا کو دەبیتەوە . لە راستی دا دەکری بلیین کە دل ئینجانەی جوانی و ناسکییە لە۱دا. بەلام کە لە گەل دەنگەکە بروین ، دەبینین کە دل کەیلی دەرد و کولە و ئەمە لە گەل جوانی و ناسکی گول نالیکە . لە ئیدامەدا ویژەر باس لە جی هیشتنی شار دەکا . لە وانەیە وا بە نەزەر بگا کە تا ئیرەی شیعرەکە روون و ئاشکرایە یانی ویژەر بە گولەکەی دەلی کە دلی کەیلی دەدرد و کولە و دەیهەوی لە شارەکەی «گولم » بروا. بەلام بەرەو کوی شار جی دیلی ؟ کانیاوی دی یەکەم مەنزلی دوای جی هیشتنی شارە . دیارە دەرد و کول، دل دەژاکینن، سیسی دەکەن و تینوی دەکەن بویە جامی ئاوی کانیاوی دی عیلاجی دەردی ئینتیزارە. لە ۲دا ویژەر دەلی دلم پرە لە دەرد و کول. ئەوە یانی جیگەی شادییەکی کالیشی تیدا نەماوە و خەم هەستەی هەموو سلولەکانی دلە بەلام سەرەرای ئەوە لە ۴دا دەبینین کە ویژەر دەیهەوی بە جامی ئاوی کانیاوی دی کولی دلی عیلاج بکا. دلیک کە کەیلی دەرد و کول بی ئایا جیگەی جامی ئاوی دەبیتەوە ؟. ئایا دەرد و کول سەر ریژ ناکەن و بەتەواوی ئازای وجودی دا بلاو نابنەوە ؟ یان جامی ئاوی کانیاوی دی وەک تەرزاو بە ملی دەرد و کول دا دەچیتە خوار و دەیان تاسینی و دەیان رەوینی ! لەو جیگایەوە کەیەکەم مەنزلگەی ویژەر کانیاوە دەبی ئاوی ئەم کانیاوە بوژینەر بی . لە سەرەتا دا واویدەچی کە ویژەر بەرامبەر گولەکەی دەدوی ، تا دەگەینە وشەی ئینتیزار لە ۵دا . وشەی ئینتیزار زەربەیەکی قورسە وەک ئەوەی کە دەنگیکی لەنەکاو لە پشت سەرەوە هاتبی، بی ئیختیار سەر وەردەسوری و دەگەریتەوە بو لای «گولم» لە ۱دا. یەکەم پرسیار کە بە دیتنی وشەی ئینتیزار مەترەح دەبی ئەوەیە کە ویژەر لە گەل کی دەدوی، لە گەل خوی و لەبەر خویەوە یان لە گەل «گولم» و چ پەیوەندیک هەیە لە نیوان عیلاجی دەردی ئینتیزار و جامی ئاوی کانیاوی دیدا؟ هاتنی وشەی ئینتیزار لە سی‌حالەت بەدەر نیە. یەکەم جی هیشتنی شار و گەرانەوە بو دی بە بی ئەوەی دەردی ئینتیزار کوتایی پی هاتبیت یان ویژەر دلنیا بوبی لە نەگەرانەوەی «گولم». لە راستی دا و لەو حالەتەدا دەردی چاوەروانی «گولم» چاوەروانی دوهەم پیک دینی. ئەویش ئەوەیە کە ویژەر چاوەروانی ئەوەیە کە دوای گەیشتن بە کانیاوی دی، دەردی ئینتیزاری عیلاج دەکری. لەو حالەتەدا هەر وەک لە **۳۸**دا پیی‌دەگەین، ویژەر دەیهەوی خوشەویستی «گولم» لە گەل دی و کانیاو و مانگەشەو و تاوی گەرمی بەر دەواری عەشیرەت موقایسە بکات. ویژەر گوچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتە یانی لەراستی

دا مندالی ئەو(دی). یانی نەوعیک پەیوەندی ئیحساسی و عاتفی هەیە لە نیوان دی و دیاردەکانی لە گەل ویژەردا. ویژەر ئەوانی جی هیشتوە و لی یان دابراوە. کە وابو ئەوانیش چاوەروانن کە ویژەر بگەریتەوە باوەشی پر بەهار و دەم بنیتە ناو دەمی کانیاوی دلداری و مانگەشەو تیکەلاوی بزەی بی و تینی تاوی گەرم لە گیانی بگەری. لەو حالەتەدا واویدەچی کە ویژەر لە چاوەروانی زیاتری «گولم » دلسارد بوبیتەوە و بەو جورە دەردی ئینتیزار و ئەو هەمو لایەنە ناحەزانەی ژیانی شار، ژیانی لی تال دەکەن و سەبری ناهیلن بەجوریک کە لە چاوەروانی زیاتری «گولم» پەژیوان دەبیتەوە و عیلاج لە گەرانەوە بو باوەشی دلداری یەکەمی(دی)دا دەبینیتەوە. لەو حالەتە دا هینانی ئینتیزار پیویست نیە. حالەتی دوهەم ئەوەیە کە «گولم» هەر لە شاردابی بەلام بەهەر هویەک مەودای پیک گەیشتنیان نەبی و ویژە ر هەر لە چاوەروانی‌دا بمینیتەوە و لە دریژەدان بەو چاوەروانییەش دودلە و هەر وەک لە ئیدامەی ئەو باسەدا دی تەنیا لە یەک جیگا (٣٠_٣١) بریاری ئَاخرین دەدا بەلام شیعرەکە هەر بەو دودلییە کوتایی پی دیت. حالەتی سیهەم ئەوەیە کە تا دەگەینە **٥** وا هەست دە کەین کە ویژەر لە گەل گولەکەی دەدوی بەلام دوای خویندنەوەی **٥** هەست دەکەین کە «گولم» لە شاردا نیە ، لە راستی‌دا ویژەر لە شاری «گولم»دا چاوەروانی «گولم» دەکا و ئەوە لە وشەی ئینتیزارەوە دەردەکەوی و دیسان بومان دەردەکەوی کە ئەوە وت و ویرەی ویژەرە لە گەل خوی و بەیانی دەردی ئینتیزاری گولەکەیەتی. پیویستە بگوتری کە فەرز گرتنی حالەتی سیهەم ئەو پرسیارە دینیتە گور کە دەردی ئینتیزار بوچی بە گەرانەوە بو دی و لە سەر کانیاو عیلاج دەکری لە حالیکدا کە دەزانین «گولم » لە هەر شوینیک بی لە دی نیە و لەوی چاوەروانی ناکا و ئەسلەن لە دی ئیمکانی پیک گەیشتنیان نیە ؟! کەوابو لەو حالەتەشدا هینانی ئینتیزار پیویست نیە. لە ویوە دەر دەکەوی کە ویژەر لە بەرامبەر «گولم» دا قەراری نەگرتوە بەلکو لە بەر خویەوە قسەدەکا و دەردی ئینتیزاری «گولم » دلی پری دەرد کردوە . بەلام تا ئیرە ویژەر دلنیا نیە و بریاری تەواوی نەداوە کە شار جی هیلی و ئەمە لە وشەی «ئەلیم»وە دەردەکەوی کە پینج پات بوتەوە لە شیعرەکەدا. وشەی ئەلیم ئاویتەی نەوعیک شک و دودلییە . لەوانەیە ئینتیزار ئەم دودلییە زیاتر بکا چونکو ئەگەر لە شاریش دوور بکەویتەوە ئاوردانەوەی پر لەچاوەروانی هەنگاوەکانی کول و شل دەکەن . دواتر ویژەر بو ئەوەی خوی و گولەکەی رازی بکا فاکتی جوراوجور دینیتەوە . وەرەز بو گیانی من لەشار و هارەهاری ئەو ........، لە روژی چلکنی نەخوش و ............ تەواوی دوودلی ویژەر دەگەریتەوە بو ئینتیزار و ئەمە تاقە هوی هاتنی ئەم پینج ئەلیمەیە لە تەواوی شیعرەکەدا .

ویژەر دیهەوی فەزای شیعرەکە بگوری و شەوی تیدا جیگیر بکا . مانگە شەو دەزیتە ناو بزەی ، تیشکی خورەتاو بەند دەکری و روژ چلکنە . هەلبەت لە بەرامبەر روژی چلکن و چرای نیئوندا ، مانگە شەو هەلدەبژیری . ئەگەر ورد وەبین روژی شار چلکنە و دە بیتە هوی وەرەزی و دەرد و کولی دلی ویژەر و تیشکی خورەتاویش بە کەمەندی دوکەلی مالی دەولەمەند دیل کراوە . کە وابو ئەوەی کە لە شاردا هەیە ،روژو روناکی راستەقینە نیە. کە خور دیل بوو تەبیعییە کە روژیش چلکن دەبی ، هەر بویەش ویژەر لە بەرامبەر ئەمانەدا مانگەشەو تیکەل بزەی دەبی . مانگەشەویش بو ویژەر وەک ئاوی کانیاوی دی بوژینەرە و راستەقینەیە و بی خەوش . بەلام چرای نیئون کە چاوەکانی شەوارە کردوە بە پیچەوانەی مانگە شەو، دەبیتە مەزهەری گزە لە بەرامبەر بزەدا . تیشکی درووینەی شەوارەکەری نیئون وەک تیژە بەرد شەپولی قین دەخاتە دلی پر لە کول . لە یەکەوە تا حەوت ویژەر هوی وەرەز بون و رویشتنی باس دەکا واویدەچی کە ئەم هویانەی پی ناتەواو بی بویە لە هەشتەوە دوای دووهەمین ئەلیم، دەست دەکاتەوە بە باسی دزیوی شار، کە چاردە جار هاتوە لە شیعرەکەدا. ئەمجارەیان باس لە چرای نیئون دەکا کە بە

فیل جیگای خوری گرتوتەوە و چاوی ئینسانەکانی شەوارە کردوە . وشەی شەوارە لە نودا لە باشترین شوینی خویدا داندراوە و تەواوی ماناکەی خوی دەقاودەق دەگەیینی . ویژەر لە بەرامبەر ناحەزیەکانی شاردا تەنیا سی جار باسی دیدەکا لە ۱۰،۴و ۴۱دا کە لە واندا باسی کانیاو و مانگەشەو و بناری پر بەهاری دی دەکا لە بەرامبەر دەرد و کول و چرای نیئون و تیشکی بیگوناهی خور و کوچەتەنگەکانی شاردا . وشەیەکی دیکە کە بەرچاوە لە شیعرەکەدا وشەی مەلە . حوزوری مەل لە شیعردا وەبیر هینەرەوەی دار، چل، پەلک، هەلفرین و ئاسمانە بەلام لە شاردا لە جیاتی ئەوانە ئاسن و منارە هەیە ، هەر بویە زور ئاساییە کە مەلی ئەوین لەو شارە غەوارە بیت وە هەر وەک چون بی‌ئاسمانی و نەبونی دار و چل و نەبونی مەودای هەلفرین و بونی ئاسن و منارە دەّبنە هوی غەوارە بونی مەلی ئەوین ، ئاواش تیل و تان و رایەل دەبنە کەلەبچە و مەزهەری دیلی بو ویژەر.بویە دوای باس کردنی زوریک لە لایەنە ناحەزەکانی شار واویدەچی کە لە۳۰دا بریاری ئاخرین دەدا . دروست دوای چوارەمین «ئەلیم» کە پیشتر وتمان ئاویتەی نەوعیک دودلی‌یە ، واویدەچی کە ویژەر خویشی لەو تەوزیحاتە وەرەز بوبی و هیچ ریگایەکی دیکە لە بەر پیی خوی نەبینی ، بویە بە جدییەتیکی تیکەلاوی تورەیی ، دەلی «گولم هەریمی زونگ و زەل چلون دەبیتە جارەگول » وەئەوە یانی شتیک کە ئیمکانی قەومانی مەحالە و چاوەروان نە کراوە . ئەوە بەهیز ترین و ئاخرین هوی جی هیشتنی شارە چون ئەگەر ورد وەبین ویژەر ئیشارە بە ژیان و مەرگ دەکا. جارە گولی کەیلی ژیان و زونگ و زەلی ئاخندراوی مەرگ. لە ۳۴ و ۳۵دا ویژەر هەول دەدا کە بەرامبەرەکەشی رازی بکا بە ، جی هیشتنی شار و وابنوینی کە شار هەر بو ئەو تەسک و ناخوش نیە و هەر بویە ئەمجارەیان بەرامبەرە کەی بە گولم ناو نابا بەلکو بە ئاسکە جوانەکەم ناوی دەبا . دیارە کە ئاسک رەووک و سرکە و هیچ سنور و تەسکییەک ناناسی و جیگاشی ناو شار نیە بەلکو کەژ و کیوو دەرەوەی شارە . لە راستی دا ویژەر دەیهەوی بلی کە شاری تەسک دیلکەری توی ئاسکە و شیاوی جی هیشتنە. لای ویژەر دی رەمزی ژیان و بوژانەوەیە و خوی گوچی تاوی گەرمی بەر دەواری عەشیرەتە و لەبەر ئەو تاوە دا گەورە بوە و لیرەدا بومان دەردەکەوی کە دی حوکمی دایکی هەیە بو ویژەر و کانیاو و ئاوەکەیشی بەتەرتیب نەقشی مەمک و شیریان هەیە بو ویژەر بویەدیهەوی بگەریتەوە بو دیّ (سەرەرای ئەوەی کە چاوەروانی «گولم» هەر ماوەتەوەو بە ئەنجام نەگەیشتوە) و خوی لە مردن رزگار بکا و لە دارە مەیتی کوچەتەنگەکانی شار بیتە دەر و بچیتەوە بناری پر بەهاری دی کە لە حوکمی باوەشی دایکی دایە. بەو جورە لە نیوان روژی چلکن، چرای نیئونی شەوارەکەر، کوچەتەنگەکانی شار و تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەت، بناری پر بەهاری دی و مانگەشەو دا ، ویژەر دوهەمیان هەلدەبژیری بەو جورە شیعری شار هەر وەک وتمان لە ئەوەلەوە بە گومان دەست پیدەکا تا دەگاتە ۳۰ و ۳۱ (کە نەوعیک متمانەیان تیدا دەبیندری) بەلام لە ئاخردا دیسان گومان دای دەگریتەوە و بەو گومانە کوتایی بە شیعرەکەدی.

## پرسیارەکان:

۱ـ چ پەیوەندییەک هەیە لە نیوان ئاوی کانیاوی دی و «گولم»دا؟؟

۲ـ ئایا دلی پر لە دەرد و کولی ویژەر لە گەل ناسکی و بی خەوشی گول نالیک نین ؟

۳ـ بوچی دەردی ئینتیزار بە جامی ئاوی کانیاوی دی چارەسەر دەکری ؟

۴ـ ئایا جی هیشتنی شار و گەرانەوە بو دی نەوعیک گەراندنەوەی زەمان (ئیرتجاع ) نیە بو دواوە ؟

**٥**ـ ئایا لە نێوان چاوی شەوارە بوو  بە تیشکی چرای نیئون وگزە و مانگەشەو و بزە پەیوەندییەک نابیندری ؟

**٦**ـ بوچی مەل کە نیشانەی سنور بەزاندن و ئازادییە لە گەل کەلەبچەهاتوە؟

**٧**ـ ئایا شار جگە لەو سفەتە ناحەزانەی (شاری هارەهار، روژی چلکن، تاوویاوی شەو،رەمزی ئاسن و منارە، مەلی غەوارەی ئەوین و قەنارە و کەمەندی دوکەل و..........) هیچ جوانیەکی تیدا نیە کە نەهیلی ویژەر بگەریتەوە دی ؟

**٨**ـ ئایا لە **١،٢،٢٤،٢٥،٢٦،٢٧،٣٠،٣١،٣٤،٣٥**دا نەوعیک تەزاد نابیندری یان لە راستیدا ویژەر نایهەوی جیاوازیەکانی شار و دی وەروبخا؟

**٩**ـ ئایا کوتایی **٢٣** ویژەر بە سەرەتای **٤٤** ناگەیینی ؟

**١٠**ـ ئایا ئەلیم ئاویتەی نەوعیک دودلی نیە ؟

**١١**ـ ئایا پینج پات بونەوەی ئەلیم نیشانەی بەهیز بونی ئەو دودلییە نیە ؟

**١٢**ـ ئایا **٣١** و **٣٢** حوکمی دوایین بریاریان نیە بو ویژەر؟ ئایا باقی شیعرەکە لەویوە تا **٣٨** زیادی بەنەزەر ناگات؟

***

هەواڵنامەی کتێب

# چەند سەرنجیک لەسەر نوکتەی سیاسی

ئاسو

«ئینسان ئه و بونه وه ره قسه كه ره لاساره یه، كه ده بوایه له به رانبه ر مردندا چاره سه ریكی بدوزیایه ته وه؛ بویه له سه ره تادا ئاینی دروست كرد و دواتریش پیكه نین»

مه جیدی نه فیسی له لیكولینه وه یه كدا ده رباره ی فه رهه نگی مه رگپه رستی له ئه ده بیاتی ئیراندا « در جستجوی شادی»، شادی و خوشیەک كه له شیعره كانی خیامدا خوی حەشارداوه، ناو دەنی شادی تەلخ. چونكه به بوچونی مەجیدی نەفیسی له پشت ئارەزوی لەزەت بردنەوه له ژیان و بو ساتیک خو دلخوشكردنی خەیام له پال پیالەی مەی دا؛ سیبه ری مه رگ له پشتی دیره كانه وه خوی حه شارداوه.

پیكه نین و خودلخوشكردنی ئینسان به قه ده ر میژوی نه هامه تی و روژره شییه كانی ئینسان دریژن. كاره سات له وه دایه، كه خوشی و شادی ته مه نیان كورته  و له ناخی ئینسانداوه كو كاره ساته جه رگبره كان ره گ داناكوتن. كوششی من له م كورته نوسینه دا؛ گه رانه به دوای جوریک له شادی و خو دلخوشكردنی خه لكی كوردستان ، له یه كیک له ناسكترین و پركاره ساتترین روژگاره كانی ئه مرویدا، له و به شه له كوردستان كه « راپه رینی» تیا كراوه و له شكری داگیركه ری تیا نه ماوه.  خودلخوشكردنی خه لكی كوردستان له م نوسینه دا به مانای ئاهه نگ و كه ش و هه وای خو دلشادكردن نییه له مه راسیمه ره سمی و جه ژنه ئاینی  و حیزبیه كاندا. به لكو پیكه نینیک كه من له م نوسینه دا به شوینیدا ویلم؛ هه لقولاوی ناوجه رگه ی تراجیدیایه كه كه هه موو روژیک به شیک له جگه ری خه لكی كوردستان دەفرینی و خه لک له گه رمه ی توپ بارانی سه ر ماله كانیاندا له ناخی خویانه وه ده ری ده هینن و به شیوه ی گالته و سوكایه تی كردن به رابه ره كانیان ده رده  كه وی.

هیچ وشەیەک لە زمانی کوردیدا بەقەدەر وشەی راپەرین غەدری لی نەکراوه. ئەگەر راپەرین مروفیک بوایەو بیتوانیبایه بیته گو؛ رەنگه به شیوازیک دیفاعیكی له خوی بكردایه و بیوتایه: من بویه هەستامه سەرپی؛ تاكو جیاوازیه ک له نیوان هه ل ومه رجی به رله هه ستانم و دوای هه ستانم دا هه بی.

بەلام راپەرین خوی ئەو حەقیقەتە ساکارەی لەبیر دەچیت، وەک چون هەزاران روناکبیرانی ناسیونالیست لەبیریان کردووه؛ که کی‌یه رابەرایەتی ئەو دەکات و چ ئامانجیکی کومەلایەتی له پشت هه ستان و به ئاگاهینانەوەی راپەرینەوه راوەستاوه؟ ئەگەر چی چەمکی راپەرین له تیروانینی زوریک له روژنامه كانی ده ره وه دا له خه رمانیه كی موقه ده س ده گیریت و به خالی وه رچه رخانی دوو میژو یان دوو دنیای نوی چاوی لی ده كریت، به لام ئه مه هیچ له و راستیه ساكاره ناگوریت كه بپرسریت: ئایا راپەرین چ ئالوگوریكی سیاسی، كومەلایەتی،ئابوری، له كومەلگای کوردستاندا پیک ده هینیت؟

وه لامی ئه م پرسیاره، ئه گه ر بو زوریک له روناكبیرانی له چه شنی روژنامه ی هه تاو نه دراوه ته وه و هه موو ستراتیژی روژنامەکە لە گیانبەبەرداکردنەوەی دەسەلاتە کەلاکخورەکانی سەر جەستەی راپه ریندا كورت ده كریته وه. ئه وا بو خه لكه ره شه كه ی كوردستان ته نها یه ک وه لام ئا ماده یه.

راپه رین روپوشه كانی ده سه لات ده گوری. راپه رین ده سه لات له ده ستی ناسیونالیزمی عه ره ب ده رده هینیت و ده یخاته ده ستی ناسیونالیزمی كورد. جا ژماره ی قوربانیه كان چه نده دریژتر بیت و چه نده هه ستی پاكی ئینسانه كان به نیازی ئا ل و گوری هه ل و مه رجی به ر راپه رین بزوینه ری ئه م پروسه یه بووبی، ئه وه ناتوانری ئه و حه قیقه ته فه راموش بكری؛

که راپه ریوان ده سه لاتیان له ده ستی دیکتاتوریک سه نده وه و خستیانه ده ستی چه ندین دیکتاتوری تر.
له م نیوه دا چه وساندنه وه نه ک ئال و گوری به سه ردا نه هات، به لکو روخساره که ی هینده شه فاف بویه وه، که ئیتر په ندی له چه شنی (گورگی خومالی گوشتم بخوات، ئیسقانم ناشکینی) ناتوانی له به رانبه ر سیناریوی ئیسقان شکاندنی هه زاران ئینسان و لوت و گوی برینی هه زاران له دیله کانی جه نگدا له شه ره کانی ناوخودا، نه کریته تفیک و ناوچاوی په ند و داهینه رانی په نده که شی پی سواخ نه دریت.
تیروانینی من بو راپه‌رین له و گوشه نیگایه‌وه سه‌رچاوه ده‌گریت، که راپه‌رین ده‌کرا و ده‌توانرا بازنه‌ی شادی و حورمه‌تی ئینسانی تیادا فراوان بکرایه‌ته‌وه، که ئینسان ناچارنه‌کریت له جه‌رگه‌ی تراژیدیاکه‌ی خویدا، به شوین شادیه کی ساته وه خته وه بیت.
ئه مرو خه لکی کوردستان روژانه ده ست وپه نجه له گه ل هه ل و مه رجیکدا نه رمده که ن، که راسته وخو روبه روی حاکمانی نوی کورد ده بیته وه. من لیره دا ناچمه سه ر لیستی دریژی ئه و ناره زایه تییه روژانه‌یه ی که له بزوتنه وه ی دانی کری و ئازوقه‌و کوشتنی ئافره‌تان و راوه‌ستان له دژی کونه‌په‌رستی ئیسلامی و.... هتد به‌رجه‌سته ده‌بیته‌وه. به‌لکو قسه‌م له‌سه‌ر جوریکی تر له ناره‌زایه‌تییه، که خاوه‌نی بزوتنه‌وه‌یه‌کی به‌رینی کومه‌لایه‌تییه و که‌چی هیچ که‌س له ئاژیتاسیونه کانی دیارنین. په یامه که ی کونج به کونجی ماله کانی کوردستان ده گه ریت و خاوه نی روژنامه ی خوی نییه.

من لیره دا قسه له سه ر ناره زایه تی نوکته ی سیاسی خه لکی کوردستان ده که م.
ئه دواردو گالیانو نوسه ری به ناو بانگی ئوروگوای له وتاریکی دا ده رباره ی بزوتنه وه ی چیاپاسی مه کسیک ئاواهی ئه م بزوتنه وه یه ده ناسینی: کومه لیکی ماسک کردون، که خوازیارن ماسکه کانی ده سه لات دابمالن.
ئایا خه‌لکه بی‌ماسکه‌که‌ی کوردستان به‌ده‌م و چاوی روت و چاوی تیژیانه‌وه به چ شیوازیک ماسکه‌کان له روی ده سه لات داده مالن؟

## نوکته چییه؟

ئه م پرسیاره گه لیک وه لام هه لده گریت. به لام من پیم باشه که پیناسه که ی نوسه ری قسه خوشی مه جه ری جورج ماکس دوپات بکه مه وه. که وه لامه که ی هه ر به شیوه ی نوکته یه ک دارشتووه.
جورج ماکس ده نوسی: کابرایه کی به ته مه نی جوله که، که چاوه کانی له منداليه وه کویر بون، له کچیکی گه نج ده پرسی که سیفاتی ماست چییه؟
کچه که به سه رسورمانه وه وه لام ده داته وه و ده لی: ماست؟
_ به لی ماست. تو ده زانی من کویرم و نازانم ماست چ ره نگه؟
+ ماست سپی یه.
_ ئاخر من نازانم سپی چییه؟
+ زور ئاسانه قاز سپییه.
_ به لام من قازم نه بینیوه!
+ قاز سه ری چه ماوه یه.
_ چه ماوه یانی چی؟
کچه که بالی راستی به رزده کاته وه و به مه چه کی شیوازی سه ری قازه که ده رده هینی و پاشان ده لی:

ـ ده ست له ده ستم بده و هه ستی پی بکه! ده بینی چه ماوه یه.

کابرای پیره بو چه ندین جار ده ست له مه چه کی کچه که ده دات و به کامه رانیه وه ده لی:

+ سوپاس بو خوا ئیستا زانیم ماست چییه؟

جورج ماکس ده‌نوسی: ره‌خنه‌گران و فه‌یله‌سوفان و زانایانی ده‌روون‌ناسی وه‌کو ئه‌و کچه گه‌نجه وان. زور نهینی گرنگمان ده رباره ی نوکته بو ئاشکراده که ن، به لام پیمان نالین نوکته چی یه؟ ئیمه د ه رباره ی نوکته هه ر به قه ده ر ئه و پیاوه پیره شاره زایمان هه یه که ئه و ده رباره ی ماست هه یه تی ـ مه چه کی چه ماوه ی کچیک ـ( هكذا يسخر المصريون من حكامهم. عادل حموده. ص ٨٦ .

ئازادیه سیاسیه کان و مافه دیموکراتیه کان هه موو کات وه ک دوو ته واوکه ری یه ک بو ئاستی بلاوی نوکته ی سیاسی له به ر چاو ده گیریت. یان به زمانیکی تر: نه بونی ئازادی سیاسی و بی به شکردنی خه لک له مافه دیموکراتیکه کان ده بیته هوی ته‌قینه‌وه‌ی شه‌پولیک له نوکته‌ی سیاسی، که تیایدا ده‌سه‌لاتی سیاسی تا ئاستی قه ده غه ترین قه ده غه کانی ده گریته وه. به لام نوکته ی سیاسی و ئاستی بلاوی ئه و له سه رتاسه ری دنیادا ئه م هاوکیشه هه لده‌گیریته‌وه و بوچونیکی تر ده خاته به رده م بلاوبونی نوکته ی سیاسی. به نمونه له ئه وروپای دیموکراتدا، ئینسان توشی راونان و سزادانی لاشه یی نابیت وه ک له جیهانی سی دا، ئه گه ر چی ئازادیه سیاسیه کانی ئه وروپاش له لایه ن هه زاران توری ده ستگاکانی جاسوسی و ئاسایشه وه له ژیر کونترولدان، به لام نوکته ی سیاسی دریژه به ژیانی خوی ده دات و په یامه ره خنه گرانه که ی خوی له ده ست نه داوه. ئه ویش له به ر ئه وه ی که نوکته ی سیاسی پوخته ی تیروانینی خه لکه له ده سه لات. فاکسیکی ناره زایه تیه و خه لک له ریگه یه وه ده سه لات له که م و کوریه کانی ئاگادارده که نه وه و خوازیاری گورانکارین.

* له‌به‌رده‌م کوشکی سپی ئه‌مریکادا که‌سیک هاوارده‌کات: سه‌روکی ئه‌مریکا گه‌مژه و نه زانه، . دادگا دوو سال زیندانی بو ده بریته وه؛ چونکه یه کیک له نهینیه کانی ده وله تی ئه مریکای ئاشکراکردووه.

نوکته‌ی سیاسی دیارده‌یه‌کی جیهانیه‌و که‌مترین شوناسی نه‌ته‌وه‌یی ده‌گریته خو. ئه‌و نوکتانه‌ی بو هیتله‌ر و موسولینی وتراون، به هه مان شیوه و به که میک ده ستکارییه وه له عیراقدا دوباره کراونه ته وه.

* روژیک خروشوف له‌گه‌ل کومه‌لیک میوانی بیانیدا ده‌چن بو راو. کاتیک پولیک مراوی به‌سه‌ریاندا ده‌فری و خروشوف ته قه یان لی ده کات، نایان پیکی.

یه کیک له پیاوانی ئاسایشی روسی له به رانبه ر میوانه کاندا هاوارده کات: ئه وه بو ماوه ی ٢٠ ساله من له گه ل ئه م پیاوه دا ده چم بو راو، به لام تائیستا نه مبینیوه مراویه ک کوژرابیت و که چی بفریت.

* له یه کیک له سه ربازگاکانی عیراقدا، ئه فسه ریک له سه ربازه کان ده پرسیت: چی ده فریت؟

هه ریه که و وه لامیک ده داته وه که راستیشه. به لام یه کیک له سه ربازه کان ده لی: فیل

ـ گه مژه فیل چون ده فری؟

+ دوینی سه روکی فه رمانده له وتاریکی ته له فیزیونیدا وتی.

ـ راسته، راسته، به لام زو ربه رز نابیته وه. ره نگه مه تریک یان مه تر و نیویک بفری. به لام ئه ویش فرینه.

* روژنامه یه کی فه ره نسی له وتاریکدا نوسیبوی: نیوه ی ئه ندامانی په رله مانی فه ره نسا دزن.

په رله مان به نامه داوا له روژنامه که ده کات که هه واله که به درو بخاته وه و داوای لیبوردن بکات. روژی دوایی هه مان روژنامه ده‌نوسیت: دوینی له هه‌والیکدا رامانگه‌یاند که نیوه‌ی ئه‌ندامانی په‌رله‌مان دزن؛ ئه‌مرو هه‌واله‌که راست ده که ینه وه و راده گه یه نین: که نیوه که ی تری ئه ندامانی په رله مان دز نین.

ئه م نوكته يه ى دوايى هيچ فه ره نسى نييه، ئه گه رچى نوكته كه بو يه كه مين جاريش له فه ره نسادا هه لبه سترابى. چونكه هاولاتى هه ر ولاتيك به ئاسانى ده توانى ليستيك له ناوى دزه كانى په رله مان له پەرله مانه كانى خويياندا بژميريت. بەلام ئەوەى جيى سەرنجە بو گويگريكى كورد توزيك نيگەرانى بە دواى خويدا دەهينى. بو خەلكى كورد كە سەردەميك حوكمەتەكەيان ساوا بوو، پەرلەمانيكيان هەبوو، وە لە ئيستاشدا خاوه نى دوو په رله مانن، جوريك له گومان دروست ده كات و ره نگه به خيلى به په رله مانه كانى ئه وروپا بخوازن، چونكه نيوه له په رله مانى كورديدا پر به پيستى دزه كانى ناو په رله مان نين و ده كرى ژماره كه ۴/۴ بيت.

نوكته له ده رونى كومه لگادا له دايك ده بيت و كاريگه رى گورانكاريه كانى كومه لگا به خويه وه هەلدەگريت.

له نيوان پراكتيكى شورشگيرانه ى ئينسان و ده سه لاتدا وه نوكته ى سياسيدا په يوه نديه كى نه پساوه هه يه.

تا ئه و كاته ى ئينسان ده سته وه ستانه له به رانبه ر گورينى واقيعدا، ئه وه نوكته ى سياسى به شيوازه گالته جاريه كه ى خوى رقى كومەلانى خەلك دەردەبريت. بەلام لەو كاتانەدا كە ئينسان بەهەر شيوازيك دەسەلات دەخاتە ژيرپرسياره وه و خوازيارى گورانه، ئيتر ئه و كاته نوكته، ده مى گالته جارى كردنى خوى به ده سه لات ده به ستيت و ريگا بو پراكتيكى شورشگيرانه چولده كات تاكو سه رچاوه كانى سوكايه تى كردن به جه ماوه ر بنه بركات.

بو سه لماندنى ئه م راستيه، ده ستنيشانكردنى چه ند لاپه ره يه كى ميژوى نويى سياسى كوردستان پيويسته.

له كوتايى هه شتاكاندا(۱۹۸۷_۱۹۸۸) ژماره ى سه ربازانى هه لاتو له كوردستاندا خوى ده دا له دوسه د هه زار سه رباز. رژيمى بەعس بە نيازى ( خراپ كەلك ليوەرنەگرتنى ئەم سەربازانە) لە لايەن هيزە چەكدارەكانى ناسيوناليزمى كورده وه؛ بريارى لى بوردنى گشتى بو هه موو سه ربازه هه لاتووه كان ده ركرد و هه مويانى هينايه وه به رده ستى خوى. ئه و بريارەى كە سەربازانى هەلهاتوى كوردى پى تسريح_ئازاد_كرا لە كردنى خزمەتى سه ربازى يه برياره كانى ۷۳۶ و ۷۳۷ ناسرابون· بەلام حوكومەتى بەعس، پاش ئەوەى كە سەربازەكانى هينايەوە ژير كونترولى خوى، هه رخيرا له بريارەكانى پەشيمان بويەوە و هەر هەمويانى كردەوە بە سەرباز. بو يەكەمين جار باوك و كور پيكەوە جلى سه ربازيان له به ركرد.

هيچ سه رده ميك وه كو ئه م چه ند ساله بازارى نوكته ى سياسى گه رم نه بوو. له لايه ك به رهه لستى چه كدارانه ى هيزى پيشمەرگە بە تەواوەتى شكستى هينا و، بە قسەى سكرتيرى يەكيتى نيشتمانى كوردستان: سەدام وەكو طاوس بالەكانى خوى فش دەكردەوە و بە ئارەزووى خوى بە كوردستاندا گەشتى دەكرد؛ لە لايەكى تريش بى هيوايى و بى ئه لته رناتيفى سياسى، ده رگاى له سه ر ناره زايه تيه ك كه به نوكته ى سياسى ناو ده بريت خسته سه ر پشت.

* ئه وه چييه، له هه موو ماليكدا هه يه و بوتله غاز نييه،
ره نگى سه وزه و سلق نييه،
سالى جاريك ده گيريت و زيراب نييه،
فه رده يه ك ناو ساجى پى يه و ره مه زان نييه
..........................................؟

* حەوت سەد و سى و شەشيك( سەربازيك) لە ناصريە سەربازى دەكات. پاش ئەوەى مولەت وەردەگريت و ده گه ريته وه بو شاره كه ى خوى، له كاتى ته واو بونى موله ته كه يدا، سه ربازگاكه ى خوى نادوزيته وه. چونكه گويزراوه ته وه بو شوينيكى تر. پاش چه ند مانگان سه ربازگاكه ى ده دوزيته وه و ئه فسه ره كه ى ليى ده پرسيت

_ وين چنت؟ واتا له كوى بويت؟

+ قسه ى قور؛ وين چنت؟ كوره كابرا گم بوم، گم ( واتا ون بوم، ون)

خه لكى كوردستان ده يانويست له ريگاى نوكته كانيانه وه چ په ياميك به گوى ده سه لاتدا بده ن؟

هەواڵنامەی کتێب

بوچی ئاوا بی به زه ییانه کور و باوک و خوشه ویسته کانی خویان ده خسته به ر پلاری سوک و ناشیرین؟
ئایا مه به ستیا ئه وه بوو به کوره کانیان بلین: سه ربازی مه که ن!
ره نگه وابی. به لام مه به ستی سه ره کی ئه وان ئه وه بو؛ که له ریگای که سوکاره کانیانه وه سوکایه تی به ده سه لاتیک بکه ن که سه رچاوه ی ئه و هه موو روژ ره شی و سوکایه تی کردنه یه به ئینسان.
به بروای من، ئه گه ر هونه ری کاریکاتیر له ژیر ده سه لاتی به عسدا نه یتوانی بی گه شه بکات و له دایک بیت؛ به هوی نه بونی ئازادی چاپ و بلاوکردنه وه له روژنامه کاندا، ئه وه نوکته ی سیاسی کاری کاریکاتیری گرتبویه وه و به بی قه له مو کاغه ز، په یامه که ی خوی به دورترین جیگا ده گه یاند.

***

کاتیک تراژیدیا خەست دەبیتەوە و لە فرمیسک و غەم بەو لاوە ئاسویەکی تر بە دی ناکری، یان بە زمانیکی تر؛ کاتیک تراژیدیا له قه باره ی ئاسایی خوی تی ده په ریت، ئه وا هاوکیشه که قلپ ده بیته وه و ده بیته کومیدیا.
ئایا زانستی سایکولوجی ده رباره ی ئه و ده ربرینه ی سه ره وه چیمان پی ده لیت؟
لای فروید: (ئەو شلەژانانەی توشی دەبین سەرچاوەکەی دەگەریتەوە بو_کبت_. به شی خواره وه ی میشک کونترولی به سه ر به شی سه ره وه ی میشکدا هه یه. واتا غه ریزه ی ئینسان کونترولی به سه ر عه قلی ئینساندا هه یه.
هه ر بویه ش کاتیک نوکته ده که ین:( ده گه رینه وه بو سه رده می مندالی، ده گه رینه وه بو سالانی پاکی و بیگه ردی و یاری. له ده سه لاتی گه وره کان هه لدیین و خومان و له و وزه کبت کراوه رزگارده که ین.) _ کیف یسخر المصریون من حکامهم. عادل حموده. ص ٦٢.
بەلام ئەو زانایانەی دوای فروید هاتن، رونکردنەوەیەکی فراوانتر دەخەنە بەر دەست:( نوکتە هەولدانیکە بو پیکهینانه وه ی هاوسه نگیه ک له ده رونه شپرزه کاندا.... نوکته جوریکه له «ئه نتی بایوتیک» له دژی کاره ساته کان، له کاتی خویدا دیت و واما لی ده کات که به رهه لستی ئه و ریژه زیاده ی تراژیدیاکه بکه ین......) _ هه مان سه رچاوه ی پیشو.
هه ربویه ش کاریکی نائاسایی نیه، کاتیک خه لک له کوری ماته مینیه کاندا به ساده ترین شت پیکه نین ده یگریت.

* له گه رمه ی کوچ و ئاواره یی خه لکی کوردستاندا، ئاواره یی ناوچه کانی هه ولیر و دهوک به ره و سنوری تورکیا و سوریا کوچ دەکەن. کاتیک هەندیکیان دەگەنە سەر سنوری سوریا، سەربازانی ئاسایشی سوری لەوبەری ئاوەکەوە داوایان لیده که ن:
_ پیمان بلین! ئیوه « اسد» تان خوش ده وی؟ مه به ست سه روکی سوریایه و مانای شیره.
ئاواره ی لیقه وماو هه مویان به یه کده نگ هاوارده که ن:
+ ئیمه هه موو حه یواناتیکمان خوش ده ویت.

## نوکتەی سیاسی لەنیوان صدام و حاکمانی نویی کورددا:

ئایا نوکته ی سیاسی له مروی کوردستانی « ئازاد » ی ژیر ده سه لاتی کوردا چونه؟
جیگورکی پیکردنی ده سه لاتی سیاسی له نیوان رابه رانی قه ومی عه ره ب و کوردا چ ئالوگوریک له نوکته کانی خه لکی کوردستاندا پیک ده هینیت؟

* جیاوازی نیوان پیشمه رگه و که و چییه له کاتیکدا که هه ردوکیان عاشقی چیان؟

ـ که و له شاخ ئازاده  و که دیته شار زیندان ده کری.
به لام پیشمه رگه له شاخ ئازاده و که دیته شار خه لکی شار زیندان ده کات.

* له شه ری روژانه ی هیزه کانی ناسیونالیزمی کوردا له گه ل هاولاتیاندا که زیاتر له به رانبه ر عه ره بانچییه کاندا به رپا ده کرا و تا ئیستاش هیچ دانوسانیک له نیوان عه ره بانچی و سه رانی کوردا مورنه  کراوه. روژنامه ی برایه تی ده رباره ی هه مان گیروگرفت نوسی بوی:
ـ کیشه ی عه ره بانه کان له هه ولیردا هیشتا چاره سه ر نه کراوه.
خه لک ده پرسی: ئه ی بو ده لین هیچ خالیکی هاوبه ش له نیوان ی. ن. ک. و پارتی دانییه؟
چونکه له شاری سلیمانیش یه کیتی به هه مان شیوه ده رگیری کیشه ی عه ره بانه کانه.

* له سه ر قولی مه سعود بارزانی به شیوه ی کوتین ئه م دیره نوسراوه: که رکوک دلی کوردستانه.
کاتیک لیی ده پرسن: بوچی ئه و شیعاره نوسراوه؟
+ تاکو هه میشه له یادم بی که به راستی که رکوک دلی کوردستانه.
ـ ئه ی ئه گه ر که رکوک رزگارکرا؟
ئه و کات قولم ده برم.

* ئه گه ر جارا له کوبونه وه کانی سه رکردایه تی یه کیتی نیشتمانی کوردستاندا، جه لال طاله بانی توره ببوایه و بیوتایه: گوبخون!
ئه وا هیچ نه بی چه ند ده نگیک له ژیر لیوه وه ده یان ووت: قوربان بوچی؟
به لام ئه گه ر ئه مرو طاله بانی بلی: گوبخون!
ئه وا سه رکردایه تی به یه ک ده نگ و به شیوه ی کورالیک هه موو ده لین: قوربان چه ند بخوین؟

له‌به‌رده م نوکته‌ی سیاسیدا هیچ شتیک پیروز نییه. دین، سیکس ته‌واوی ئه‌و بابه‌تانه ی که له کومه لگادا موری تابویان لیدراوه، له به رانبه ر نوکته دا ده رگاکانیان ئاواله یه.
* له کوبونه‌وه‌ی یه‌کیک له مه‌سئولینی حیزبه کوردیه‌کاندا له‌گه‌ل کومه‌لیکی زور له خه‌لکیدا، تریکی لی به رده بیته وه. بیده نگی بال به سه ر کومه له که دا ده کیشی. کاکی مه سئول زور به توره یی ده لی: ئه وه چ نامه ردیک بوو؟
که س وه لام ناداته وه. پاشان توره بونه که ی تا ئاستی هه ره شه ی گیانی دریژه پیده دات: ئه گه‌ر پیم نه لین کییه، کاریکی خراپتان له گه ل ده که م.
خه لکه که هه موو به یه ک ده نگ ده لین: قوربان هه مووماں بوین.

* له به رانبه ر هه ر ناره زایه تیه کی خه لکی کوردستاندا؛ ساوابونی حوکمه ته که مان ده کریته به لگه یه کی حاشاهه لنه گر.
کابرایه ک ده لی: کوره ئه م حوکمه ته ساوایه ئاوامان پیده کات. جاخو ئه گه ر پیی بگرتایه و « بالق » ببوایه، ئه وه گومانم نیه هه مومانی ده گا.
دوا وشه:
ئامانجی من له م نوسینه، کوکردنه وه ی ئه و نوکته سیاسیانه  نین که له م چه ند ساله ی رابوردودا، له سه رزاری خه لکی

کوردستان، چاویان بەدنیا پشکوتووە. بەلکو لە راستیدا گەرانە بە شوین جیگاو ریگای دەسەلاتی نویی ئەمرو لە کوردستاندا، لە چاوی سادەترین خەلکەکانی کوردستانەوە. چونکە لە پشت هەر زەردەخەنەیەکی نوکتەکانەوە، تیروانینیکی سادە تر، بەلام ریالیستی تر بو ئازادی، شیوازی دە سە لات، خواستی ئینسانی خوی حە شارداوە. هە ر بویە ش جی گورکی یە ک لە نیوانی پالە وانی نوکتە سیاسیە کانی چە ند سالی لە مە و بە ردا و گورانیان بە سە رانی نویی کورد، دیاردە یە کی هە روا ئاسان و یە ک روژە نە بووە. ئە فسانە ی بورژوا ناسیونالیستی کورد و خە ونی ئە و بو ئازادی کومە لانی خەلکی کوردستان، ئەمرو دیوەزمەیەکە و لەسەر خەونی بە دیهینانی ژیانیکی باشتردا چوکی داداوە. داخو کە ی خە لکی کوردستان لە بری سوکایە تی و لە پشتە وە دە نگ هە لبرین بە رانبە ر دە سە لاتدارانی نوی، دە جولین و کوتایی بە سە رچاوە ی سوکایە تی کردن بە ئینسان دە هینن؟

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# سیەکانی یاس

فایق عبدالهی

له وانه یه تامی ژیان

له ساقه یی ریواس دابی.

بونی له سیه کانی

یاس دا،

ره نگی له کراسه که ی

په لکه ره نگینه بی،

شوینی له گوزه رگای

هه ناسه کاندا بی و

هاوته مه نی

بزه بی.

له وانه یه تامی مه رگ

له بن ؟؟؟ نا

تام و بون،

ره نگ، شوین و

ته مه نی مه رگ

هیشتاش

نهینی هاوبه شی

ئینسانه کانی جیهانه!

❊❊❊

هەواڵنامەی کتێب

# منی نوی

ئاسو

ناو: ٦٨٠٨ _ ٦٤٠٦١٨

ژمارەی ماڵ: ١٨٤

ژمارەی گەرەک: ٣٥ 436

ژمارەی تەلەفون: ٢٨٨٣٦٦ _٠٣١

ژمارەی تەلەفونی سەرکار:٨٠٨٥٨٠ _٠٣١

کودی دەرگای کارخانە: ٩٨٠٩

کودی دەرگای ماڵ: ١٣١٤

ژمارەی شوناس: ١١٢٥٤٧٨٩٦٥

ژمارەی بانک: ٠١٢٤٥٨٩٦٣

کودی ژوری جل شتن: ١٨١٦

ژمارەی پاسی هاتوچو: ٩٤، ١٨٤، ٨٥

دوای دوانزەی شەو: ٩٢، ٨٣

کاتی خەوتن: ٢٢

کاتی هەستان: ٦:٣٠

کاتی کار: ٨

کاتی یەکتربینین لەگەڵ شیعرا: ؟

کاتی پشوو: لە ناو ئاپورەی باریکدا و

سەرخوشیکی ریگای ماڵەوە لیونبوو.

کاتی

کا

.

.

٠١٩٩٧٠١٠٠١٩

هەواڵنامەی کتێب

***

# تاسه

ریبوار

سه رچاوه: گورانی یه کی سویدی

پیشکه شه به **گولان** که به پیانوکه ی گیانی کرد به به ر گورانی یه که دا.

دوو مراوی
له ئاویک دا مه له وانن
خه م له نیو ده ریای دلم دا مه له وانه
....
.... ...
دو بالنده
له ئاسمانا بال وه شینن
خه م له ئاسمانی دلم دا بال وه شینه
....
.... ...
که ست دیوه بفری بی بال؟
که ست دیوه
بی به له م بدا له ده ریا؟
که ست دیوه
به بی فرمیسک
جیا بیته وه له خوشه ویست؟
...
... ....
من ئه توانم بفرم بی بال
ئه توانم
به بی به له م خوم بده م به سینه ی ده ریادا
به لام چبکه م
قه د نه متوانی
به بی فرمیسک جیا بمه وه له خوشه ویست!

***

هەواڵنامەی کتێب

# دەنگ بریژە بە سەر بی دەنگیما

ریباز مەحموود ، سلیمانی،

لە گەرەکە نەخوش و ئاشناکانی کار، هەوالی مالمانت پرسیبوو
ببوورە... من، ئیستا وام لە ناو کونەمالەکەیترمان
کە خانوویەکە ... لەولاتر، بەو ناونیشانەی:
نە پەنجەرەیەکی هەیە، لیوەی بروانیتە جوانی و
نە دەرەگایەك ــ فەرمووی زیندەگی لیوە بکات بو ژوورەوە...
کە، خانوویەکە... لە شیوەی غوربەت
لە بیکاریم بە کری گرتووە و
دەورانیك حوزنیشم (پیشەکی) داوە.

هەر هیندەی ژانی لە بارچوونی هیواریك،
لە ژووری تەنگ و تاری تەنهابی و بی دەرەتانی...
لەمحەیەك لە گریان بەس بوو
پیناسەی ئەم سەردەمە حالی بین؛
کە، تا بەرپیی توورەیمان کارەسات چاوساغی بوو...
بویە لە ناو ئەم گەشتەدا، چیتر بو گەشتیاریك مەگری
خەزان... گەلا بەگەلای زەمەنی لیهەلوەراندووە
گەر لە قاچی خوت دانەبەزی، دەستی بگرە و
برونە مەوسیمیکەوە:
ئیملای عیشق و حونجەی پیکەنین و
رەسمی ژیاریکیتری لە گەلدا بکە!
چیتر بە دیار خولەمیشی تەمەنییەوە

هەواڵنامەی کتێب

رامەمینە لە دامرکانەوەی بەرائەت
کە ئەم زەمانە خوی،
ری‌گوزەری ساتیك میهرەبانی نیە...
کە، لەتیك نان ئەو خواوەندە نەبوو
دەستمان نەیگاتی، گەر بو ئەوە نەبووایە:
من ـ بە داخی حەسانەوەی ژیرسیبەری گولە گەنمیکەوە بمرم و
تو ـ بو سفرە رازاوەکان، داو و دەرمانیکی نایاب بیت!
دەسا کە ئەم تاریکی‌یە،
هەموو بەها رەنگالەبی‌یەکان هەلدەلووشی و
بە سەر چاوەکانمانا رەهیلەی خەو دەبارینی...
چیتر، رامەمینە و
مشتی رەنگ بریژە بە سەر بی رەنگیما.
لە شەپولی ئەو رەنگانەی... تەنیا روحیکی تەزیو
دەتوانی خوی لە بەردا گەرم کاتەوە!
بو لەمەولاش،
بەروکی هیچ شەقامیکی‌تر مەگرە،
بتهینیتەوە سەر من...
مادامەکی راستەری‌یەك هەیە و
پیویستە پیایدا بروین...
لە ئیستاشەوە،
لە گوشەی و کەلینی هیچ شەوگاریکا لیم مەگەری
کە من لە عەسریکی سارد و دلرەقی وەك ئیمرو
هەر یەکەم جار سەرپەنایەکم نەبوو
تیایدا چاوەریت بم!
دەسا چیترـ دامەمینە و

هەواڵنامەی کتێب

تا شك دەبەی، دەنگ بریژە بە سەر بیدەنگیما...

لەو دەنگەی هیشتا نەبوتە موسیقایەکی سپلە

بو مارشی گالتە و گەپی،

ئەم قەشمەرخانە بوغزاوییەو ... هاروهاجە!

لەو دەنگەی... سەرەتا،

جوگەلەی بزە فینك و رەهاکان

لە تەمتوومانی دلمەوە دینیتە جی فەراموشی لیوەکانم

لەو دەنگەی ئاوازی نەشمیلانەترین ریگا و

سروەی رووخوشترین گولزاری میزاجە!

***

هەواڵنامەی کتێب

# چلوورەی رەش

ب. سولین

پوشو گیان، توش حه زت بوو ئه سپی تاسه ت به چوار ناله... له سه ر خاک و خولی کام ئه ستیره دووره سه رسمی بدایه!
تا کورژنت له و بیده نگییه کوشنده یه دا... گویی شه وی یه لدای که ر بکردایه که بالنده ی خور ته ریوی ئه وه.
تا ره نگه زیبویه که ی خور... بو دواجار داسه کنایه ته وه و ئوقره ی له هیلانه ی دله بیگه رده که ی تودا بگرتایه.
توش حه زت بوو... هه لمی حه زه کانت له ئاسمانی به شه خته بووی ئه مرودا به چلوره نه بونایه و ده ستیان له ملی ئه و هه وره پرچ سپیانه بکردایه؛ که دوا مه نزلیان دلی سپی مه سیح و باره گای خوایه! توش حه زت بوو...
رامان و خوزگەی ناموکراوت بەسەر شەقامی روژنامە و کارخانەکانەوە بواری لینەتەنرایە و؛ بە دەستە پارچەیی نه بونایه ته سه راب. به لام چ ده لیی؟
بە تەنیابالی لە سوچیکی ئەم گەردونە جەنجالەدا توردراوی، لە ئاوینەی زەمەنیکی گومان لیکراودا... رووە ئەرخەوانیەکەت پەژموردەیە. لەوەدەمەدا بەختیش نەورەسیکە سیاچارەیی خوت ئاسا لەلەپی دەستە زبرەکانتا...
که وه بووی ئه م به سته له ک و سه رماوسوله سه رده مه یه!
پوشو گیان...
له م ره هیله ی سه رگه ردانیه دا؛ کی ده رگا له حه زی تو ئاوه لا ده کات خودی خوت نه بی؟
کی گوی شل ده کات بو پرسه ی هه ناسه ت
گویی نغروبووی گه رمه شینی خوت نه بی؟
له م تیاتروخانه دا... کی له به ر ناوگه لی ده پیه رژیته فه رهه نگی پرکه سه ری تو؛ چاوی وه نه وزلیبراوی خوت نه بی!
ئاگام لییە... غەمەکانت لەبەهاری تەمەنتا چەکەرەیان کردوە و لە خانە کانی لە شە کفت بووە کە تا؛ شین بوون و شنه یانه هیند هوگرت بوون، هیند هوگریان بوویت
به پیوه... هه لکورمانا... نوستنیش دا جیت ناهیلن
له په سا به پشتی توی زه بوندا هه لده زنن
ده میک دوپشک ئاسا سوی به دلت ده گه ینن
ده میک سموره ئاسا ختوکه ت ده ده ن، له سه ر سنگت هه لده قونن.
ئاگام لییه...
به ده ستیک گه ره کته نه وره سی چاوه روانیت، له به ر ده ریای چاوه کانتا فیری هه لفرین بکه یته وه
به ده سته که ی دیشت چلوره ی روحت توند گرتوه و به شپرزه ییه وه
هاوار ده که ی: چلوره یه... چلوره!
یه للا چلوره ی سه وز... چلوره ی ره ش
چلوره ی سوور... ره ش
چلوره ی زه رد... ره ش
چلوره ی سپی ره ش
چلوره ی ره ش... چلوره ی ره ش
روله تو چلوره ی ره شیشت له ته رموزی هه ناوتایه

ئه دی... گه ر به دفه سالی ئه و ره شه نه بایه، تو چون واده بویت؟!

ئای چه ند سه یر و ئه نتیکه یه؛ خه لکی چلوره ی ره شیان لات خواردو وه

که چی تا ئیستا نه یان دیوه؛ چه ندی سه یره؟!

ترس له خوتی پیچاویت و دله کوتیبی ئه وه ی نه بادا ده غیله ی چنگت خالی بی!

گه‌ر وابیت موصیبه‌ته. ئه‌م زستانه توشه چنگ له‌سه‌رشان به‌ریوه‌یه و تویشه‌به‌ره‌ی ده‌وی. گویسوانه‌که‌ش وه‌کی شه‌رواله دراوه‌که‌ت پینه و په‌روی ده‌وی... ده‌نا دلوپه‌ی بی‌چاوورووش، وه‌ک روژنامه‌نوس لافت به‌سه‌ردا لیده‌دا...

جه نجالت ده کا؛ باج و سه رانه ی خوی ده وی

گه روانه بی له ناو چنگیا ده بیته چلوره

چلوره ی ره ش!!

***

ده‌ی منالانی په‌پوله چلوره‌ی روحم بکرن! قه‌ده‌ر... پیره‌میردی کونه‌سال؛ ئه‌و مشته ی تا ئیستا والات نه کردووه بو که‌س

له سه ر په نجه ره ی روحی من بیکه ره وه!

له نیوه ندی ده ستی غه ریبی پیره میرد و منالانا دوش داماوی

له نیوه ندی ئه و « بوون و نه بوونه دا» خه یال

بو یاری و مه زاته کانی منالیتیتی ده بردیه وه...

« عاسه بیجه رینه... مشکه بیقرتینه»

ئه وه تانی چلوره کان وه ک ته مه نی خیرنه دیوی خوت

له نیو قامکه کانتا ده تویته وه.

نه جاریک نه دووان؛ وه کو ترپه ی دلت تک تک داده چورین

وه کی خوت هانا بو قاپی هیچ ده رباریک نابه ن... پیلاوه هه لته قیوه کانی خوت ده لیسنه وه. ئه و چلوره ره شانه ی له بن هه نگلت بوون... ئه میستا تنوکه کانی چه ند ته رمیکن و له مه زارگه ی پیلاوه کانتا، سه رگوزشته ی ژیانیان بو یه کدی ده گیرنه وه. توش وه کی ئه وان له به ر پیی عه زیه کانی سه ده ی بیستدای، ئیستا نا تاویکی دی د ه تفلیقیننه وه

( ده ستت ناوه ته ژیر چه نه ی خه فه ت) و

هیدی هیدی... له گه ل شه پوله سه رهه لگرتووه کانی بیرتا

به گه رکه وتوی به ره و ئامیزی ئه و به نده ره ونه ی

چلوره تیایدا نابیته ژیان

ژیان تیا نابیته چلوره!

له پر چاوی پر ریبوقی کامیرایه ک... روژنامه نوسیک... موهه ره جیک

گه ره کیتی له « مدینه الالعاب» ی روژنامه که یدا

وه ک وشه کانی بتکاته بوکه سه ماکه ره یه ک و به که ره نه ی کلافه دروکانی هه لتپه رینی _ ببوره _ بتجولینی!

بویه نوکی قه له میکی چاوزه رد پشتی ملت ده گری و فریت ده داته سه ر کولاره ی روژنامه یه ک و قاقا شایلوک ئاسا پیت پیده‌که‌نی. توش هینده ژان‌گرتووی له‌تاوا هاوار ده‌که‌ی: لیم‌گه‌رین مردووه زیندوخوره‌کان، لیمگه‌رین... من تینویتیم به ئاوی لیخنی ئیوه ناشکی!

پیکه نن... من له پیکه نینتانا لاوازی ده بینم!

هەواڵنامەی کتێب

لومه تان ناکه م؛ ئه وه ی ته قه لی ئازار به گیانی گیانیا دانه دورابی

حه زی له دامینی دایکیه وه ون نه کرابی... نه خنکینرابی

چاوی پر حه سره ت و مانومی بو ناخوینریته وه

نهینی دلمی پی لیک نادریته وه. لومه تان ناکه م...

وینه گره کان؛ مه مک کره وشه فروشه کان... پیبکه نن

روژنامه کانیش له گه لتانا پیده که نن! له پیکه نینتانا ده بینم وشه ی ریاکارتان گویزانه وه و له سه ر تاته شوری روژنامه کان ده مبرنه وه... قه تاره ی ته مه نیشم له یه کدی هه لده وه شینن و

وه ک مومی « عید میلاد » تان به فویه ک ده یکوژیننه وه.

گویزه بانه ی ئه م جه ژنه ش ده به خشنه وه. دلی منیش پارچه یه سه هوله... چلوره یه...؛ به ده م پیکه نین و قریوه وه ده ملیسنه وه... ده ممژن... هیلنج ده ده ن... ده ملیسنه وه.

***

ئیوه ته رارن... ئیدی لافی چیم به سه ردا لیده ده ن؟

به وشه ی نه زوک و ترشاوتان چون وانه ی جوولان به من ده لینه وه

من به تروپکی کاره وه جوله و برستم لیبراوه

که چی هیچیشم به هیچ نه کردووه

له جیگه ی خوم با وه خولیمه ؛ گیژبووم... ده خولیمه وه

چونکه جوله م _ کار م _ گیرفانی ئیوه.

***

وه رزی کارت له گه ر دایه و ده می ئاگروکی ئه وانیش ده تسووتینی

کووچه و شه قام و گویی دار و به رد و کولانه نوستوه کانیش چاوه ریتن؛ هاوار ده که یته وه...

_ یه للا سه مونی گه رم و نه رم... بو به رچایی و چیشتی گه رم

_ که له شیر و مریشک و مراوی... ئای بو گوشت و گوشتاوی

_ شویت و سلق و باینجان... بو یاپراخه چه وره ی ئیواران

_ فه ریکه نوکه، بوی بکوکه... له سه ر سه کوکه

_ به لالوک ده رمانه... مه چو بو خه سته خانه

_ شه کر له مه یه... بایی ده یه

_ گوله به روژه... خواردنی شه و و روژه

_ مه سکه ت و کونجی و له بزینه... قابیل به خاتو زینه

_ چلوره ی کارگه ی شه هلایه... ده رمانی مشکی تیایه

_ چلوره ی ئه رخه وانه... داره وانه

شه قاوه ی سابونکه رانه

## ژیرنووس:

پوشو؛ پاله وانی ئه م تیکسته واقعی یه و دانیشتوی شاری هه ولیره؛ له ریگه ی روژنامه ی هاوکارییه وه له گوشه یه که وه به

ناوی ( چاوی کامیرا) وه که وینه که ی بلوکرابوه وه ئاشنابووم پیی. ئه م سیناریو پر دیماگوگیه ش له لایه ن دوو رۆژنامه نوسه که وه کرابوو، که گوایه دلیان ده سوتی به پوشو. بویه وتبویان: پوشو هه لسه راچه نه... به سه ته مه لی و پاللیدانه وه، تا چلوره کانت نه تواونه ته وه، بانگ که منالان... تاد.

ـ چلوره: به سته نی

ـ شایلوگ: یه کیکه له پاله وانه زورزان و مه کربازه کانی ( بازرگانی فینیسیا ) ی ولیام شه کسپیر که له یه ک کاتدا ( لیت ده دات و به رگریشت لیده کات)

ـ کورژن: حیله و ده نگی ئه سپ

ـ یه لدا: دریژترین شه وی ساله

ـ که سه ر: خه م و خه فه ت

ـ له په سا: به رده وام

***

هەواڵنامەی کتێب

# نان

"ولفگانگ بورشیرت"

فایق عبدالهی کردوویە بە کوردی

"ولفگانگ بورشیرت" wolfgang Borchert لە ڕۆژی **٢٠**ی مەی **١٩٢١** لە هامبورگ هاتە دنیا. دوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتایی، دەستی کرد بە تێکۆشان لە بواری شانۆنامە و تیئاتردا. بە دەست پێکردنی شەڕی جیهانی دوهەم، بانگ کرا بۆ سەربازی و ڕەوانەی بەرەی شەر کرا. "بورشیرت" لە شەڕدا تووشی چارەنووسێکی تاڵ هات، سەرەتا نەخۆشی زەردوویی سلامەتی "بورشیرت"ی خستە مەترسییەوە و دوایی بە هۆی دژایەتی لە گەڵ شەر بە مەرگ مەحکوم کرا. نەخۆشییەکەی بوو بە هۆی دواخستنی حوکمی مەرگی بەڵام بورشیرت تا کۆتایی شەر لە بەرەکانی شەڕدا مایەوە. لە ساڵی **١٩٤٥**دا دوای کۆتایی پێهاتنی شەر گەڕایەوە بۆ هامبورگ و لە درێژەی دو ساڵی دوایی عومری دا توانی گەلێک ئەزموونی بە نرخ لە شەر بێنێتە سەر کاغەز. "بورشیرت" زۆر داستانی کورتی  نووسین کە هەندێکیان وەک باشترین بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی داستانی ئالمان بە حیساب دێن. "بورشیرت" سەرەڕای کۆمەڵە شیعرێک، شانۆنامەیەکی لە ژێر ناوی (دەرەوە، لە پشتدەرگا) نووسی کە بە زۆربەی زمانەکانی دونیا تەرجومە کراوەتەوە. "بورشیرت" لە ساڵی **١٩٤٧** ، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵی دا چاوی لێک نا.

لە نەکاو لە خەو ڕاپەڕی. سەعات دوو و نیوی نیوەشەو بوو. کەوتە بیر ئەوەی بۆچی لە خەو ڕاپەڕیوە. ئەها،...! کەسێک لە ئاشپەزخانە لە سەندەڵیەکە هەڵەنگوتبوو. گوێی بۆ دەنگی نێو ئاشپەزخانە هەڵخست. دەنگ لەوێوە نەدەهات، بێ ئەنداز بێدەنگ بوو. کە دەستی بە تەختەکەیدا هێنا، کەسی لە پەنای خۆی نەدی. ئێستا بۆی دەردەکەوت کە بۆچی ئاوا بێدەنگ بوو، چوونکو دەنگی هەناسەکانی هاوسەرەکەی نەدەهات. هەستا و بە کوترە کوتر چوو بۆ ئاشپەزخانە. لە ئاشپەزخانەدا هاوسەرەکەی بینی. سەعات دوو و نیوی نیوە شەو بوو. جەستەیەکی سپی دی کە لە پەنا قەفەسەی ئاشپەزخانە ڕاوە ستابوو. چرای هەڵکرد. بە جلی خە و بەرامبەر یەک ڕاوەستان. شەو بوو. دوو و نیوی شەو. لە ئاشپەزخانە. دەوری نانەکە لە سەر مێزەکە بوو. دیتی هاوسەرەکەی نانی بۆ خۆی بڕیوە. هێشتا کاردەکە لە پەنا دەورییەکە مابوو و وردکە نان لە سەر مێزەکە بوو. ژن هەموو شەوی بەر لە خەوتن ڕوومێزییەکەی خاوێن دەکردەوە. هەموو شەوێ. بەڵام ئێستا وردکە نان ڕژابووە سە ر مێزەکە و کاردیکیش لەوێ بوو. هە ستی کرد کە سەرمای زەوی ژوورەکە هێور هێور بە لاقانی دا دەچێتە سەر. چاوی لە سەر دەورییەکە هەڵگرت. پیاوەکە چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا خشاند و وتی:

ـ پێم وابێ لێرە خەبەرێکە.

ژن ولامی دایەوە:

ـ منیش دەنگیکم بیست

ژن بوی دە رکە وت کە شە وانە هاوسەرە کە ی لە جلی خەودا بە راستی پیرتر دیاری دەکا. بە ئەندازەی تەمەنی. شەست و سی. روژانە جاری وابوو کەم تەمەن تر دیاری دەکرد.

پیاویش لە زە ینی خوی دا پیی وابوو کە هاوسەرەکەی زور پیرتر دیاری دەکا بە تایبەت بە جلی خەوەوە. بەلام لەوانەیە لە بەر مووەکانی بی. تەمەنی ژنان، شەوانە ، بەستە بە داهینانی مووەکانیانە. مووەکان لە نەکاو ئینسان پیر دەکەن.

پاش ماویەک ژن ووتی:

ـ لانی کەم سەر پاییەکت لە پی کردبا؛ ئاوا بە لاقی رووت لە سە ر ئەم ئەرزە ساردە، سەرمات دەبی.

ژن چاوی لە هاوسەرەکەی نەکرد، چوونکو نەیدەتوانی دروکردنی ئەو تەحەمول بکا. دروی دە کرد ئەویش دوای سی و نو سال ژیانی هاوبەش.

پیاو لە خورا چاوی بە دەورو بەردا گیرا و وتی:

ـ پیم وابوو لیرە خەبەریکە، دەنگیکم بیست، دوایەش پیم وابوو شتیک لیرە رووی داوە.

ژن وتی:

ـ منیش بیستم. بەلام وادیارە شتیک نیە.

ژن دەوری‌یەکەی لە سەر میزەکە هەلگرت و روومیزییەکەی تەکاند.

پیاو بە دوودلی‌یەوە وتی:

ـ ئەری، حەتمەن هیچ نەبووە.

ژن فریای کەوت:

ـ وەرە ئیتر، لەوانەیە دەنگەکە لە دەرەوە بووبیت. وەرە بخەوە، لە سەر ئەم کاشی‌یە ساردانە سەرمات دەبی.

پیاو لە پەنجەرە را سەیری دەرەوەێ کرد و ووتی:

ـ ئەری ، حەتمەن لە دەرەوە بووە؛ بەلام من پیم وابوو لیرەوەیە.

ژن دەستی بو لای کلیلەی بەرقەکە دریژ کرد و لە بەر خویەوە وتی " هەر ئیستا دەبی چرایەکە بکوژینمەوە دەنا چاوم بە دەورییەکە دەکەوی، ئەسلەن نابی چاو لە دەورییەکە بکەم." چرای کوژاندەوە و وتی:

ـ وەرە ئیتر. حەتمەن دەنگەکە لە دەرەوە بووە، هەر وەختیک بای دی لووساوکەکە وەدیوار دەکەوی. هەمیشە وەختیک بای دی، دەنگی دی.

بە کوترە کوتر بە دالانە تاریکەکەدا چوونەوە ژووری خەو. لاقە رووتەکانیان لە سە ر ئەرزەکە دەنگیکی تایبەتی دروست دەکرد.

پیاو وتی:

ـ بایەکی سەیرە، تەواوی شەو بای دی.

کاتیک لە سەر جیگا دریژ بوون، ژن وتی:

ـ ئەری، بە دریژایی شەو بای دی. حەتمە ن لوساوکەکە بووە.

پیاو بە دەنگیکی وا کە بە ئەنقەست دەیهەویست خەوالوو بنوینی وتی:

هەواڵنامەی کتێب

ـ ئەری پیم وابوو لە ئاشپەزخانە خەبەریکە، کە وابی دەنگەکە لە لوساوکەکەوە هاتوە.

ژن، پیی وابو ئەو کاتەی میردەکەی درو دەکا دەنگی زور نا واقعی‌یە. هیواش باویشکیکی‌دا و وتی:

ـ هەواکەی ساردە. من چوومە ژیر پەتوو، شەو خوش.

پیاو وەلامی دایەوە:

ـ "شەو خوش". و پاشان دریژەی دا «ئەری زور ساردە.»

ئیتر بیدەنگی کەوتە بەینیانەوە. دوای ماوەیەک ژن دەنگی هیواش و بە پاریزی پیاوی بیست. ژن بە ئەنقەست قوول و ریک هەناسەی هەلدەکیشا تا هاوسەرەکەی نەزانی کە هیشتا هەر بەخەبەرە. بەلام دەنگی نان جوینی پیاو ئەوەندە ریک بوو کە ژنی لە خەو کرد.

شەوی دواتر، هەر کە پیاو هاتەوە مالی، ژن چوار لەت نانی لە پیش دانا. لەمەو بەر تەنیا سی لەت بەشی ئەو بوو.

ژن وتی:

ـ ها، ئیتر بە ئاسوودەیی چوار لەت نان بخو.

لە گلوپەکە دوور کەوتەوە:

ـ من ئەو دانەیان ناتوانم بخوم. تو دانەیەک زیاتر بخو، ئەسلەن ئەو نانەم زور پی خوش نیە.

ژن بینی هاوسەرەکەی چون بە سەر دەورییەکە دا خوار بوتەوە. پیاو چاوی هەلنەدەهینا. بینینی ژن لەو حالەتە دا پیاوی ئازار دەدا. پیاو لە هەمان حالدا وتی:

ـ بەو جورە نابی، تو هەر دوو لەت بخوی؟!

ژن وەلامی دایەوە:

ـ دەبی، زور باشیش دەبی. شەوانە ناتوانم نان بخوم. تو بخو، تو بخو.

دوای ماوەیەک ژن لە پەنا میزەکە لە ژیر شوقی چرایە کەدا دانیشت.

هەوالنامەی کتێب

***

# ستریندبەری "لە ویستگەدا بەرەو شام"

نووسینی کاروان عبدالله

دە رهینە ر: دانا مە عروف

ئە کتە رە کان: بیریت کورنهیت (ئافرە ت)Beryl Kornhil، دانا مەعروف (پە نابە ر) Dana Marouf، لارش ئولسون (سوالکە ر) Lars Olsson، ئەنیکی واهلو (خانم) Annikki Wahloo، کامیللا پیرشون (گە شتە کە ریک) Camilla Persson

## فستیڤالی سالانەی ستریندبەری August Strindberg

هەموو سالیک لە سوید لە مانگی ٨ دا فستیڤالی شانویی نووسەری بەناوبانگی سویدی لە ئاستی جیهانی دا، "ستریندبە ری"، ئەگیردری. شایەنی باسە بو ئەم فستیڤالە بیجگە لە تیپە شانوییەکانی ناو سوید، لە دەرەوەی سویدیش کە م تا زور بە شداری ئە کە ن و شانونامە کانی نووسە ر نمایش دە کە ن.
لە واتە ئوگوستی ١٩٩٧ بیجگە لە تیپە بیانی یە کان، لە ناو تیپە سویدیە کان دا دە رهینە رینکی کوردیش بە ناوی دانا مەعروف لە "بەرەو شام" دا بەشداری بە توانای کرد و خوی دەرخست. تیپی شانوی "پریشک" **Gnistor** کە لە ژیر ناوە کە ی دا نووسراوە "تیاتری ناونە تە وە یی سویدی" **Internationella svenska teatern** ناوی ئە م تیپە یە.

"بە رە و شام"، کیشە روکە شە کانی ژیانی مروفە کان چارە سە ر ناکات بە لکو لە و قولایی یانە ئە دا کە مە سە لە ئاییینی یە کان تیایدا ئە بنە حە قیقە تیکی ناخوش و بیزارکە ر.
ئە مە زور بە کورتی رای نووسە ری سویدی "گوننار ئولین"ە Gunnar Olin سە بارە ت بە شانوی "بە رە و شام".
جیگای خویە تی پیش ئە وە ی دە ست بە هە لسە نگاندنی کارە هونە ری یە کە بکە ین کە میک رای "گوننار ئولین"ی نووسە ر کە من بە پە سە ندم زانی دە ربارە ی شانونامە کە باس بکە ین و بیخە ینە روو.
"ئوگوست ستریندبە ری" لە سالی ١٨٩٨ دا بە شی یە کە م و دووە می ئە م شانونامە یە، کە سی (٣) بەشە نووسیوە، دوای ئە مە بە ماوە یە کی کە م واتە لە نیوان ١٩٠١ ـ ١٩٠٠ بە شی سیهە میشی بو زیاد ئە کا.
سالی ١٨٩٨ ئەو سالە بوو کە نووسەر تازە خەریک بوو لە کیشە دەروونیە ئالوز و پر نارە حە تیە کانی ئە بووە وە و بە رە و چاک بوونە وە ئە رویشت، واتە کاریگە ری ئە و مە سە لە دە روونیانە لە کاتی نووسینی ئە م شانوگە ریە دا هیشتا بە سە ریە وە مابوو. "گوننار ئولین" ئە لی:
"ستیریندبەری هەستی کرد کە ئەتوانی جاریکی تر بگەریتەوە ناو شانوی ژیان و دووبارە چاوە کانی بکاتە وە و هە وای سە ربە ستی هە لمژی."
لە شوینیکی تر دا ئە لی:
"لە ژیر کاریگە ری دە روونی توورە و پر ئازاری دا ئە م شانوگە ری یە ئە نووسی، بویە هە ستی بە وە ئە کرد کە پیویستە بە رووداوە کان دا بچیتە وە و بچیتە قوولایی هە موو ئە و ئازارانە ی کە لە ژیانی دا تیپە ری"

## ناوەروک لە "بەرەو شام"دا

هەولنامەی کتێب

پیویسته خوینه‌رانی به‌ریز له‌وه‌ئاگادار بکه‌ین که تیکسته‌که‌ی سترینده‌به‌ری و ئه وه ی "بیریت کورنهیل" هه ر هه مان تیکسته به که میک ده ستکاری یه وه. ده ستکاری یه که ش ته یا له که سایه تی کاراکته ری نه ناسراو (الغریب) دایه که له تیکسته که ی بیریت دا کراوه به "په نابه ر".
واته هه‌ر دوو کاراکته‌ره‌که هه‌مان ئازار و ناره‌حه‌تیان هه‌یه که به دوای چاره سه ر و رزگاربوون دا ئه و ریگایه یان گرتووه‌ته‌به‌ر تا له ئازاره ده‌روونیه‌کانیان پاک ببنه‌وه. ئه‌بی ئه‌مه‌شمان له بیر نه‌چیت که "بیریت" ته‌نیا به‌شی یه که می شانونامه که ی هه لبژاردووه و ناویشی ناوه "له ویستگه دا به ره و شام" که به بروای من به رگیکی نویی به به ر شانویه که دا کردبوو، چونکه له تیکستی یه که م دا ئه گه ر هوکاری نزیک بوونه وه و گه یشتنی هه ردوو کاراکته ره که (واته نه ناسراو + خانم) ئایین بیت، ئه وه هوکاری دووه م بو نزیک بوونه وه و به یه ک گه یشتنی ئه م دووانه سترینده‌به ری و هونه‌ره که لای من مه‌نطقی و واقعی‌یه، چونکه له‌مه‌ی دووه‌م‌دا که‌سایه‌تی "په‌نابه‌ر" له هه‌مان کات‌دا هونه رمه ندیشه (که ده رهینه ر دانا مه عروف خوی ئه و روله ی یاری ئه کرد).
ده رهینه ر سه باره ت به هه ر دوو تیکسته که ئه لی:
«هیچ جیاوازی‌یه‌ک له نیوانیان‌دا نابینم چونکه هه‌ردوو که‌سایه‌تی "نه‌ناسراو" و "خانم" له تیکستی یه‌که‌م دا و "په نابه ر" و "خانم" له وه ی دووه م دا هاو ته ریبن»

## شانو له شانو دا

داهینانیکی "بیریت کورنهیل" له‌م تیکسته‌دا ئه‌وه‌یه که هه‌ردوو که‌سایه‌تی "په‌نابه‌ر" و "ئافره‌ت" که یه‌کتری ئه ناسنه وه له هه مان کات دا هه لئه ستن به نمایش کردنی تیکسته که ی سترینده‌به ری "به ره و دیمه شق" جا له ریگای ئه م نمایشه‌وه زیاتر له یه‌کتری نزیک ئه‌بنه‌وه، واته ئه‌م دوانه به په‌یژه‌ی سترینده‌به ری و هونه ردا به رز ئه بنه وه، هه رچی رابردووی تال و به ئازاری هه ردووکیان هه یه به دیالوگ و جه سته یان له ناو ئه به ن و ئاویته یه کی مروفایه تی و واقعی نوی به ده ست دینن.

## هونه‌ر له‌م نمایشه‌دا

فارگونیکی شه مه نده فه ر له ژیر زه وی دا **Tunnel bana** جوگرافیای ئه م کاره هونه ری یه بوو. له ویش سه یرتر رویشتنی شه مه نده فه ره که بوو که خودی تیکسته که ی زیاتر پراکتیزه ئه کرده وه ، واته نمایش به رویشتنی شه مه نده فه ره که وه دوو جار میکانیزمی به بینه ره کان ئه به خشی. جی جووله ی هه ر چوار ئه کته ره که بریتی بوو له ریره‌وی نیوان کورسیه کان که به شیوه‌یه‌کی لاکیشی زور ته‌سک ئه‌مسه‌ر تا ئه‌وسه‌ری فارگونه‌که‌ی گرتبووه‌وه که ئه مه تا راده یه ک سه ربه ستی جووله ی له ئه کته ره کان به رته سک کردبووه وه .
من بوخوم یه که م جار بوو نمایشی شانو له و شوینه دا و به و شیوه یه ببیستم و ببینم. گه‌رچی کاریکی تازه بوو به لام بی که‌م و کورتیش نه‌بوو. ده‌نگ و رووناکی له روژانی سه‌ره‌تادا کونترول نه‌بوو. گه‌رچی گرمه گرمی رویشتنی شه مه نده فه ره که له سه ره تاوه تا کوتایی بیزاری یه کی که می لای بینه ران دروست ئه کرد، به لام ده رهینه ر دانا مه عروف ده لی:
«من خوم ئه و گرمه گرمه م له باتی موسیقا بو هه ندی کاتی بیده نگی له نیوان دیالوگه کان دا به په سند زانیوه .»
هه رچه نده موسیقا که هونه رمه ند ئاراس عارف له ئه ستوی گرتبوو به لام هیتشا به پیی پیویست رولی خوی نه گیرا.
ریتمی نمایشنامه‌که، واته "ایقاع"، زیاتر ریتمیکی خاو بوو که ئه‌مه‌ش سوننه‌تی شانوی درامی یه به لام له هه ندی دیمه‌نیش‌دا ریتمی خیرا شور و شه‌وقیکی به نمایشه‌که ئه‌به‌خشی؛ به‌تایبه‌تی دیمه نی رووبه روو بوونه وه ی "خانم" و

کاراکتەری "سوالکەر"Lars Olsson کە بە بڕوای من کاراکتەرێکی بەهێز و بە توانا بوو لە ناو هەرچوار کاراکتە رە کە ی تردا.

ناموبوون "التغریب" سیفە تی شانوی بریختە چ لە نووسین و چ لە دە رهێنان دا کە لە م نمایشەدا لە هە ردوو ڕولی "خانم" و "پە نابە ر"ە کە دا بە کارهاتبوو؛ ئە ویش بە بە کارهێنانی چە ند کە ل وپە لێک (اکسسوار) وە ک شە پقە یە ک و سە رپوشیک کە ئە و دووانە پێی دە بوونە ئافرە ت و پیاو یان بە پێچە وانە شە وە. دە رهێنە ر دانا رە ئووف لە ڕولی ئافرە کە تە دا بە و شێوە شەرمنی و سستی یەیەوە تەعبیری لە ئافرەتی ڕوژهەلاتی ناوەڕاست ئەکرد کە ئاوینەی ئافرەتی تەقلیدی ڕوژهە لاتە؛ بە لام لە گە ل ڕویشتن و بە رە وپێش چوونی دیمە نە کان دا ئە میش وردە وردە پە ردەی شە رم و تە قلیدی یە کە ی لە سە ر لائە چی.

هەروەها هونەرمەند "بیریت کورنهیل"یش دوو ڕولی یاری ئەکرد، یەکەم ڕولی "نەناسراو" کە تیکستەکەی ستریندبە ری دا هە یە، دووە م ڕولی ئافرە تیکی سویدی، واتە یە کە م جار شە پقە یە ک لە سە ر ئە نی و ئە بیتە کاراکتە ری "نە ناسراو"؛ دووە م جاریش شە پقە کە لا ئە با و ئە بیتە وە بە ئافرە تە کە.

هەردوو ڕولەکەی تریش، واتە "خانم" لە گەل "گەشتەکەرێک" کە هەردوو هونەرمەند "ئەنکی واهیلو" و "کامیلا پیرشون" یاریان ئە کرد چە ند کاتیکی کە میان لە نمایشە کە پڕ ئە کردە وە.

ئە م شانویە یە بە پێی لیکدانە وە ی بە شە جیاوازە کانی ئە توانری بوتری کە شانویە کی زە واج، ئاینی یان پە شیمانی و توبە یە. بە لام ئاخو نووسە ر کام لە و بە شانە ی مە بە ست بووە؟ وە لامە کە ش ناوی شانوگە ری یەکە یە "بە رە و شام".

ستریندبەری لە ئەنجامی کیشە پڕ مەترسیەکانی دواسالەکانی ژیانی دا گوارنکاری یەکی تەواو بەسەر باری دە روونی دادی؛ بە رادە یە ک کە واز لە هە موو واقعیە تیکی ئە م دنیایە بینی. بە لام هە روە کوو "گوننار ئولین" ئە لی:

«ئەمە مانای ئەوە نیە کە باوەری بە هیچ ئایینیک هینابی، بەلکوو شانویەکە زیاتر کیشەیەنەک توبە کردن... شانویە کە بریتی یە لە سە فە رێکی قورس و رارا؛ لە دە لاقە ی خە یالە کانی ئە م جیهانە وە بە رە و سنووریک دریژ ئە بیتە وە کە لە دوایە وە ژیانی هە میشە یی و ئاشتی پیروزی هە لگرتبیت."

بەلام بە رای من ئەمە نەک هەروانیە بەلکوو پیچەوانەکەی واقعی و مەنتقی یە. کاریکی تازە نیە کە نووسەرە جیهانی یەکانیش لە ئەنجامی ئەزمەیەکی گەورەی دەروونی دا یان لە ئەنجامی قوول بوونە وە ی زور و سە رقالی دا واقعیان لی ببیتە دوزە خ و ئاسوی روونیان لی لیل بیت.

بو نموونە "گوگول"ی ئە دیبی رووسیش (١٨٥٢_١٨٠٩) لە دوا سالە کانی ژیانی دا تووشی ئەم ئە زمە یە ی ستریندبە ری دیت؛ گە شتیک بە رە و "روم" و "قودس" ئە کاتە چارە سە ری کیشە دە روونی یە کانی. بە لام مە خابن لە دوای گە رانە وە ی نە ک هە ر چاک نابیتە وە بە لکوو ئە مجارە سە رتە ختە ی مە رگی لی ئە گە ری و لە دایک و براکانیشی وایە کە مردووە، بە لام نە مردووە و ئە وانیش بە زیندوویی ئە ینیژن.

هە روە ها ئە م شانوگە ری یە نە یتوانیوە خوی لە مە سە لە یە کی گرنگە وە بە دوور بگری کە ئە ویش مە سە لە ی ئافرە تە. شایە نی باشە ستریندبە ری بە نووسە ری ئافرە تان ناسراوە کە زور بە تووڕە یی وە لە ناز و خوشە ویستی ئافرە تان و دوزە خی ژن ومیردایە تی ئە دویت؛ لە گە ل ئە وە ش دا کە سی جار زە واجی کردووە و جیابووە تە وە بە لام هە رگیز نە یتوانیوە خوی لە ئافرە ت بە دوور بگری.

***